*Journal of Language Studies* Vol.9, No.3, Part 2, 2025, Pages (60-84)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.3.P2.5

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS

# Reasons for the lack of a standard Kurdish language and its solutions

**Dashty Salh Mohammed** *
**Salahadeen University**
11dashty11@gmail.com
&
**Dr. Abdulla Husen Raswl**
**Salahadeen University**
abdulla.rawul@su.edu.krd

**Received:** 1/ 10 / 2025, **Accepted:** 20/1 /2025, **Online Published:** **30/9/2025**

## Abstract

The standard language is the existence of a unified language at the level of a multinational state or at the level of several states therefore, a nation that does not have a standard language is under question and is constantly under threat extinction. The Kurdish language, like any other language in the world, has several dialects, each with its own characteristics. Within a certain geographical boundary, the strengthening of these dialects, especially the presence of to standard dialects, has become a major problem the absence of a state and the unity of the Kurdish nation and the existence of more than one alphabet in writing made the task of the Kurdish nation in creating a standard language more difficult.

Key words: Language standard, Dialect, Nation

* **Corresponding Author**: Dashty Salh Mohammed, **Email:** 11dashty11@gmail.com
**Affiliation**: Salahadeen University - Iraq
© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

## أسباب عدم وجود لغة كردية موحدة وحلولها

**دشتى صالح محمد**

**جامعة صلاح الدين/ كلية اللغات**

**و**

**ا.د.عبدالله حسين رسول**

**جامعة صلاح الدين/ كلية اللغات**

**الـمـسـتـخـلـص**

اللغة القياسية او (اللغة الموحدة) هي اللغة الوحيدة على مستوى الدولة المتعددة الجنسيات، أو على مستوى عدة الدول، وهي اللغة المشتركة التي يوحد الكتابة وادارة الحكومة والمؤسسات الحكومية، خصوصا انه يوحد المناهج التربوية وهي ألاساس لتقرب كافة اللهجات. لذالك أن الشعب التي ليس لديها اللغة الموحدة، جلالة لغته ستكون موضع للشك والتساؤل و مهددة للانقراض بشكل مستمر.

اللغة الكردية، حالها كحال اية لغة أخرى لديها العديد من اللهجات، كل منهم لديهم خصائصها الخاصة بها، و كل منهم لديه مكانة في اطار منطقة جغرافية معينة. وجود اللهجتين الرئيسيين القياستين اصبح عرقلة كبيرة أمام الشعب الكوردى في تحديد اللهجة الواحدة كلغة قياسية، ومن اسباب عدم وجود لغة موحدة للكرد، عدم وجود دولة للشعب الكردي و عدم توحيد الشعب الكوردي و وجود أكثر من الالفبائية في الكتابة اصبح سببا رئيسيا لعدم ظهور تلك اللغة القياسية.

الكلمات الدالة: اللغة القياسية, اللهجة، الأمة.

## هۆكارەكانی نەبونی زمانی پێوەربەندی كوردی و ڕێچارەكانی

**دەشتی صالح محەمەد/ زانكۆی سەلاحەدین - كۆلێژی زمان**

**و**

**پ.د. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ/ زانكۆی سەلاحەدین - كۆلێژی زمان**

**پوختە**

زمانی پێوەربەند بریتەیە لە بونی زمانێكی یەكگرتو لەسەر ئاستی یەک دەوڵەتی فرەنەتەوە، یان لەسەر ئاستی چەند دەوڵەتێكی هاوزمان، كە دەبێتە هۆی یەكخستنی نوسین و بەڕێوەبردنی كاروباری فەرمانگە حكومیەكان، بە

تایبەت پێڕەوی پەروەردە یەکدەخات و بنەمایەکە بۆ نزیککردنەوەی ئاخێوەری سەرجەم زارەکان و بە شکۆی نەتەوە دادەنرێت، بۆیە ئەو نەتەوەیەی خاوەنی زمانی پێوەربەند نیە، شکۆی زمانەکەی لەژێر پرسیاردایە، جگە لەوەی بەردەوام لەژێر هەڕەشەی لەناوچوندایە.

زمانی کوردی وەک هەر زمانێکی تری جیهان، خاوەنی چەند زارێکە، کە هەریەکەیان خاوەنی تایبەتمەندی خۆیانن و لە چوارچێوەی سنورێکی جوگرافی دیارکراودا پێگە و دەسەڵاتی بەهێزە. بونی ئەو زارانە، بە تایبەت بونی دو زاری پێوەربەند، بوەتە گرفتێکی سەرەکیی لە بەردەم نەتەوەی کورد، لە دیارکردنی تەنیا زارێک بۆ زمانی پێوەربەند. هەروەها نەبونی دەوڵەت و یەکێتیی نەتەوەیی کورد و بونی زیاتر لە ئەلفبێیەک لە نوسیندا، زیاتر ئەرکی نەتەوەی کوردی لە دروستکردنی زمانێکی پێوەربەند سەختتر کردوە.

<u>وشە سەرەکییەکان</u>: زمانی پێوەربەند، زار، نەتەوە.

**پێشەکی:**

**٠_ ١: ناونیشان و بواری توێژینەوەکە:**

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتیە لە ( کێشەی زمانی پێوەربەندی کوردی و ڕێچارەکانی). توێژینەوەکە لە چوارچێوەی زمانەوانیی ( کۆمەڵایەتی و ڕامیاری)دایە.

**٠_٢: گرفتی توێژینەوەکە:**

لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکەتوشی هیچ گرفتێکی وا نەبوین کە شیاوی باس بێ، جگە لە بونی ڕای جیاواز لە نێوان زمانەوان و شارەزایانی زمان، لە بارەی چۆنیەتی هێنانەکایەی زمانی پێوەربەند بۆ نەتەوەی کورد.

**٠_٣: سنوری توێژینەوەکە:**

سنوری شوێن: سنوری توێژینەوەکە کوردستانی گەورە بە گشتی دەگرێتەوە.

سنوری کات: سنوری توێژینەوەکە پەیوەستە بە کاتی ئێستا.

**٠_ ٤: گرنگیی توێژینەوەکە:**

بونی زمانی پێوەربەند پێویستیەکی سەرەکیی نەتەوەیە، گرنگی توێژینەوەکە لە خستنەڕوی ڕێگەیەکی گونجاو بۆ نزیککردنەوەی بۆچونە جیاوازەکان، لە پێناو دروستکردنی زمانێکی یەکگرتو بۆ نەتەوەی کورد خۆی دەبینێتەوە.

**٠_٥: ڕێبازی توێژینەوەکە:**

بۆ ئەم توێژینەوەیە سود لە ڕێبازی وەسفی شیکاریی ئێستایی وەرگیراوە.

**٠_ ٦: هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:**

نەبونی زمانی پێوەربەند گرفتێکی دیاری نەتەوەی کوردە، بە هۆیەوە بەشی زۆری کورد لە یەکتری تێناگەن و بێسەروبەری لە نوسیندا دروستکردوە، بۆیە کارکردن بۆ هێنانەکایەی زمانێکی یەکگرتو بە پێویستیەکی هەنوکەیی دەزانرێت.

**٠_٧: پرسیارەکانی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین، وەڵامی چەند پرسیارێکی سەرەکی لە بارەی زمانی پێوەربەند بدەینەوە، لەوانە: زمانی پێوەربەند چیە؟ ئایا زمان ڕۆلی لە بنیاتنانی نەتەوەدا هەیە؟ گرنگی زمانی پێوەربەند بۆ نەتەوە چیە؟ ئایا نەتەوە بێ بونی زمان دەتوانێت پارێزگاریی لە مانەوەی خۆی بکات؟ پەیوەندی زمان و ناسنامە چیە؟ چۆن دەتوانین زارە کوردیەکان لە یەکتر نزیک بکەینەوە بۆ دروستکردنی زمانی پێوەربەند؟.

**٠_ ٨: پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:**

**توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە:**

**بەشی یەکەم:**

**باس لە گرنگیی زمان بۆ مانەوەی نەتەوە دەکات و هۆکارەکانی نەبونی زمانی پێوەربەندی کوردی دەخاتەڕوو.**

**بەشی دووەم: باس لە ڕێچارەکانی دروستکردنی زمانی پێوەربەند دەکات بۆ نەتەوەی کورد.**

## بەشی یەکەم: گرنگیی زمان و زمانی پێوەربەند بۆ نەتەوە:

زمان دیاردەیەکی ئاڵۆزە و یەکێ لە گرنگترین داهێنان و پێداویستیەکانی مرۆڤە، چونکە جگە لەوەی زمان مرۆڤی لە گیانەوەرانی تر جیاکردەوە، ئامرازی سەرەکیی پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکانە و لە هەر بوارێک بدوێن (کۆمەڵایەتی، زانستی، ئاینی، ئابوری...تاد)، زمان گوێزەرەوەی پەیامەکانە و داتاکانی پێ ئاڵوگۆڕ دەکرێن. ئەگەرچی ئەو ڕۆلە گرنگەی زمان دەیگێرێت، جگە لە پسپۆڕانی زمان، لای پسپۆڕی بابەتەکانی تر تا ڕادەیەك نادیدەیە و بایەخی پێویستی پێنادرێت.

زمان ڕەهەندێکی کاریگەرە لە ناساندنی نەتەوەدا، هەردوکیان بە شێوەیەکی بەهێز بە یەکترەوە بەستراون، ئەمە وایکردوە کە زمان ببێتە پێناسی نەتەوەکان و زۆربەی نەتەوەکانی جیهان تەنیا بە ناوهێنانی زمانەکەیان بناسرێنەوە. وەک: نەتەوەی کورد، عەرەب، فارس...تاد. هەروەها کە باس لە ئامانجەکانی نەتەوەخوازی دەکرێت، بونی دەوڵەتێکی نەتەوەیی و زمانێکی نەتەوەیی لە پێشینەی ئامانجەکانە، چونکە نەتەوە و زمان بە یەکەوە گرێدراون و زمان کۆڵەکەی سەرەکیی نەتەوەیە و دەبێتە شوناسێکی بەهێز بۆ ئەندامانی.

لە مێژودا مەگەر نەتەوە لەناوچوەکان نەبێت ئەگینا نەتەوەی بێ زمان نیە، نەبونی زمان پەیوەندی نەتەوەیی تێکدەدات و لە ئەنجامدا نەتەوە هەڵدەوەشێتەوە. باشترین نمونە بۆ ئەو دیاردەیەی کە نەتەوە بە زمان دەناسرێتەوە، کلدانی و بابلی و سۆمەریەکانن، کە لە ناوچەی میسۆپۆتامیا ژیاون و لەبەر نەمانی زمانەکەیان ئێستا ناناسرێنەوە، ئەگەرچی لەوانەیە وەکو ڕەگەز لە ناوچەکە مابنەوە. (ڕەفیق شوانی، ٢٠١٦: ١٥٣) زۆربەی زمانناسان لەسەر ئەوە

کۆکن، پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی تاکەکان و کۆمەڵگەکان لە هەمو بوارەکانی ژیاندا وابەستەی زمان و شێوازی تێگەشتنیانە، واتە؛ زمان تەنیا وەک کەرەستەیەکی لە یەکتر تێگەیشتن دەبینن، بەڵام (هایدگەر) یەکێک لەو بیرمەندانەیە کە دژی ئەم بۆچونە هەڵوێست وەردەگرێت و دەڵێت: زمان بونی ئێمەیە. بەم جۆرە زمان لە پێناسە کۆنەکە لادەدات، چونکە جگە لە پەیوەندیکردن، زمان دەبێتە شوناسی نەتەوەیی مرۆڤ. (ئیسماعیل زادە، ٢٠١٥: ٢٢٢) هەرچەندە بونی زمان ناسنامەی تاک و نەتەوە دیاردەکات، بەڵام لەم ڕۆژگارەدا ئەو نەتەوەی کە زمانەکەی تەنیا بە شێوەی زارەکی

بەکاردەهێنێت، ناسنامەیەکی لاوازتری دەبێت، بەراورد بەو کۆمەڵەی کە زمانەکەیان بە زارەکی و نوسراوی بەکاردەهێنن و پەیڕەوێکی یەکانگیری ئەلفبێی نوسینیان هەیە، چونکە زیاتر توانای پەرەسەندن و پاراستن و مانەوەی هەیە . (ڕەحیم قادر سورخی، ٢٠١٣: ٢٤) بۆیە بە هۆی گرنگیی بونی زمانی پێوەربەند (Standard) بۆ نەتەوە، پێویستە نەتەوەکان هەوڵی بۆ بدەن و پێگەی زمانەکەیان بەو هۆیەوە بەهێز بکەن و شوناس و ناسنامەکەیان لە مەترسیی لەناوچون بپارێزن. حکومەتی هەرێمیش وەک تاکە لایەنی دەسەڵاتداری کورد، پێویستە لە بڕیاردان بۆ دروستکردنی زمانێکی پێوەربەند (المعياري) پەلە بکات، بۆ ئەوەی هەم داهاتوی زمانی کوردی پارێزراو بێت، هەم ناسنامەی نەتەوەییمان بەهێزتر بێت، چونکە بونی زمانی پێوەربەند، دەکرێت ببێتە هۆی نزیککردنەوە و تێکەڵبونی زیاتری زار و شێوەزارەکان بە یەکتری و پتەوبونی خۆبەندیی (إنتماء) نیشتمانی و نەتەوەیی.

زمانی پێوەربەند گرنگیەکی زۆری لە ژیانی نەتەوە و میللەتان هەیە، شکۆی نەتەوە لەخۆدەگرێت و زمانی نوسین یەکدەخات و بواری گۆڕانکاریی زمانی کەمدەکاتەوە، چونکە لە پێواژۆی (process) دروستکردنیدا چەندین بنەما بەکاردێن بۆ چاکسازی لە زماندا، تا دەگاتە دۆخێک ئیتر پێویستیی بە گۆڕانکاریی گەورە نەبێت، بە تایبەت لە بواری نوسین، جگە لەوەی هەنگاوێک زمانی نەتەوە بەرەو پێش دەبات. نەبونی زمانی پێوەربەند مەترسیی لەناوچونی زمانەکان زیاتر دەکات. زمانی پێوەربەند بە شێوەیەکی گشتی ئەو ناوانەشی بۆ بەکاردێت (زمانی نەتەوەیی، زمانی دەوڵەت، زمانی نوسین، زمانی یەکگرتو، زمانی باڵا).

(( بیرۆکەی زمانی نەتەوایەتی بۆ یەکەم جار لە لە ئەوروپا لە سەدەی شازدەدا سەریهەڵدا. پێش ئەوە زمانی لاتینی باڵی بەسەر هەمو کیشوەرەکەدا کێشابو، زمانە ناوچەییەکانی وەک (فەرەنسی و ئیتاڵی و... ) بە چاوێکی نزمەوە سەیردەکران و بە زمانی ناشارستانی دادەنران، هەرچەندە ئەمانە شێوەی قسەکردن بون لە ناوچە جیاجیاکاندا، لە سەرەتای سەدەی چواردەشەوە لە هەندێک ناوچە شیعریان پێ دەنوسرا، بۆ نمونە (دانتی) لە سەرەتای سەدەی چواردەوە شیعری بە شێوەی (فلۆرەنسی) دەنوسی، (چۆسەر) لە کۆتایی ئەو سەدەیە بە ئینگلیزی و بە زاری (لەندەن) شیعری دادەنا. ئەم دو شاعیرە بەرزە ڕۆڵێکی گەورەیان بینی لە هەڵبژاردنی زاری (فلۆرەنسی و لەندەنی) بە زمانی نەتەوایەتی، بەڵام وانەبێت ئەمانە زمانی ئیتاڵی و ئینگلیزییان داهێنابێت، تەنانەت ئەوان بە دو زار شیعریان دەنوسی، لەبەرئەوە بو کە ئەم زارانە خۆیان لە ناوەندێکی ڕۆشنبیری و دەسەڵاتێکی ڕامیاریدا بەکاردەهاتن. زمانی فەرەنسی لە (١٥٣٩.ز)دا بە بڕیارێکی فەرمی شوێنی لاتینی لە دادگەکانی فەرەنسادا گرتەوە و وردە وردە لە بوارەکانی تریشدا بەکار هێنرا تا بو بە زمانێکی نەتەوەیی. لە ئەڵمانیا زاری (سەکسۆنی) لە (١٥٤٠.ز) دوای بڵاوبونەوەی بنەماکانی (لۆسەر) جێگەی لاتینی گرتەوە. هەرچی زمانی ئینگلیزیە لە کۆتایی ئەو سەدەیەدا پلەی زمانی نەتەوایەتیی وەرگرت. هەر لەو سەدەیەشدا بو، کە ڕێزمان و فەرهەنگی ئەم زمانانە کەوتنە بەردەست و مشتومڕێکی زۆر لەبارەی دروستی و نادروستی وشە و ڕستە کەوتە نێوان ڕۆشنبیران و شارەزایانی زمانەوە))

(محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١٠: ٣٥٨) لەناو کورددا ئەو زمانە بەر لە بوژانەوەی (Renaissance) ئەوروپی، لای شاعیرێکی وەک (ئەحمەدی خانی) نەک هەر ئەدەبی پێ دەنوسرا، بەڵکو وەک چەمکێکی نەتەوەیی کاری لەسەر کراوە. ئەحمەدی خانی بە زمانی نەتەوەکەی داستانێکی نەتەوەیی نوسیوە، بۆ ئەوەی میرانی کورد و تاکەکانی نەتەوەکەی لە

هەڕەشەی گەلانی هاوسێی کورد وشیاربکاتەوە. زمانی کوردی لای ئەحمەدی خانی ناسنامەی نەتەوەی کوردە. لەو بارەیەوە دەڵێت:

گەر دێ هەبوا مە ئینتیفاقەک

ڤێکرا ب کرا مە ئینقیادەک

ڕووم و عەرەب و عەجەم تەمامی

هەمیان ژ مەرا دکر غولامی (عیزەدین مستەفا ڕەسول، ٥٣: ٢٠٠٨)

ئەو ڕەوتە لە داکۆکیکردن لە زمانی نەتەوە لە لای (حاجی قادری کۆیی) زیاتر پەرەی پێدرا، بە جۆرێ ئەو زمانە بە شکۆی کۆمەڵایەتی و ڕامیاریی نەتەوش دانرا. هەرچەندە پێشتریش هەندێک شاعیر ڕێبازی شیعری نەتەوایەتیان گرتوەتە بەر، بەڵام هیچیان وا بە قوڵی پەرەیان بە شیعری نەتەوەیی کوردی نەداوە. لە شیعرێکدا دەڵێت:

بە شیر و خامە دەوڵەت پایەدارە

ئەمن خامەم هەیە شیر نادیارە) (سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، ١٣٩٠هـ: ٢٨ _ ٣٢)

سەبارەت بە زمانی پێوەربەند پێناسەی جۆراو جۆر هەن، بەڵام زمانەوانەکان لەوەدا کۆکن کە زمان یان زاری پێوەربەندی نەتەوەیی جیاوازە لە زمان یان زاری نەتەوەیی دایک، زمانی دایک زیاتر لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکاردێت و مرۆڤ ناتوانێت دەستبەرداری بێت، مرۆڤ لەگەڵ زمانپژانی وەک پەیڕەوێک لە مێشکیدا دەچەسپێت، بەڵام زمانی پێوەربەند زمانێکە زیاتر لە بواری خوێندن و نوسین و کاروباری فەرمیی وڵات بەکاردێت و فێرگە و فەرمانگەکانی وڵات بەو زمانە بەرنامەکانیان دادەڕێژن و بڵاویدەکەنەوە. لێرەدا چەند پێناسەیەک بۆ زمانی پێوەربەند خراونەتەڕو: زمانی پێوەربەند: بریتیە لە زمانی دامودەزگاکانی دەوڵەت و یەکێکە لەو زمانە بەرز و پێوەریانەی، کە متمانە و باڵادەستی خۆی لەناو کۆمەڵگەی زمانیی بەدەستهێناوە و بوەتە زمانی خوێندن و نوسین. (ئەمیر محەمەد محەمەدئەمین، ٢٠٢٢: ١١١)

((زمانی نەتەوایەتی: ئەو زمانەیە، کە لە سنوری وڵاتێکدا بەکاردێت بۆ ئەنجامدانی سێ ئەرکە گەورەکەی زمان لە

هەموو بوارەکانی ژیاندا. مەبەست لە بوارەکان، قوتابخانە و دادگە و شەقام و ماڵ و مزگەوت و فەرمانگەکانە.

سێ مەبەستە گەورەکەش بریتین لە:

١- بەڕێوەبردنی کاروباری کارگێڕی و پەروەردەیی و تەندروستی و کۆمەڵایەتی.

٢- گەشەپێکردنی کەلتوری هاوبەش، کە خەڵکی کۆدەکاتەوە.

٣- پتەوکردنی گیانی نیشتمانی و نەتەوایەتی و هەستی هاوڵاتیێتی بۆ گرێدانی خەڵک بە یەکترەوە.)) (محمد مەعروف فەتاح ، ٣٥٧: ٢٠١٠)

گەلێک هۆکاری سەرەکی هەن بۆ ئەوەی کە کورد نەتوانێت تەنیا زارێک بکات بە زمانی پێوەربەند، گرنگترینی ئەو هۆکارانەش بریتین لە:

**١ــ نەبونی دەوڵەت:**

بونی دەوڵەت بۆ هەمو نەتەوەیەک هۆکارێکی گرنگە تاکو بتوانێت بە شێوەیەکی ئاسانتر بڕیار لەسەر چارەنوسی زمانەکەی بدات. دابەشبونی کورد بەسەر چەند دەوڵەتێکی جیاواز، وایکردوە، کە زمانی کوردی بە شێوەیەکی یەکسان بەرەوپێشەوە نەچێت، ئەمە هۆکارە بۆ ئەوەی کورد نەتوانێت بایەخ بە زارەکان بدات و خزمەتی تەواوی زمانی خۆیان بکەن، بە تایبەت ئەو زار و شێوەزارانەی کەوتونەتە سنوری ئەو دەوڵەتانەی کە ڕێگە بە زمانی کوردی نادەن و بە یاسا زمانی کوردییان یاساغکردوە، لە نێوانیادا تورکیا و ئێران، سوریاش تا ئێستا دانی بە ناسنامەی کورد و زمانی کوردی نەناوە، لەسەر ناسنامەی کوردزمانەکان نوسراوە عەرەب، بەڵام لە ئێستادا بونی ناوچەیەکی ئازادکراوی کوردی لە سوریادا هۆکارێکە بۆ ئەوەی لە داهاتودا زمانی کوردی لەو وڵاتەش بەرەو پێش بچێت.

**٢ــ نەبونی یەکێتی نەتەوەیی کورد:**

نەبونی یەکگرتویی نەتەوەی کورد و دابەشبونی پارتە کوردیەکان لە ڕوی ڕامیاریەوە، وایکردوە پارتە کوردیەکان بکەونە دژایەتیی یەکتر و ئەو پلان و چارەسەریانە ڕەتبکەنەوە کە لە پارچەیەکی کوردستان ئامادەی دەکەن. یەکێتی نەتەوەیی کورد دەتوانێت ببێتە هۆی نزیککردنەوەی پارتە کوردیەکان و ئاسانترکردنی پلان و ڕامیاریی زمانی لەبارەی زمانی کوردیەوە. پێویستە کورد پێش بڕیاردان لەبارەی زمانەوە، سەرەتا کۆنگرەیەکی نەتەوەیی ببەستن و ناکۆکی نێوان پارتە ڕامیاریەکان چارەسەربکەن، ئەمەش نەک هەر بۆ زمان گرنگە، بەڵکو دەکرێت ببێتە هۆی باشترکردنی دۆخی ڕامیاریی پارچە جیاوازەکانی کوردستان، بە تایبەت سوریا کە لە ئێستادا لەبەردەم دەرگای بەدەستهێنانی مافەکانیەتی و بە هاوکاریکردنی پارچەکانی تر دەکرێت بەدەسهێنانی مافی زمان و مافە کەلتوری و ڕامیاریەکانیان ئەگەرێکی بەهێزتر بێت لەوەی ئێستا. هەروەها یەکگرتویی نەتەوە و بەهێزی لە ڕوی ڕامیاری و سەربازیەوە هۆکارێکە بۆ بەهێزکردنی زمانەکە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، چونکە بەهێزیی نەتەوە بەهێزی زمانیشی لێدەکەوێتەوە، گەر لە مێژوی دێرین بڕوانین، دەبینین زمانی یۆنانی زمانێکی نیودەوڵەتی بو، ئەمەش بە هۆی پێکهاتە ناوەکیەکەی و قەبارەی وشەسازیەکەی نەبو، بەڵکو بە هۆی بەهێزیی ئەو دەسەڵاتە سەربازیەوە بو کە سوپای ئەسکەندەری مەکدۆنی هەیبو.

**٣ــ چڕیی دانیشتوانی زارەکان:**

یەکێک لەو هۆکارە گرنگانەی کە وایکردوە، کورد نەتوانێت بڕیار لەسەر تەنیا زارێک بدات بۆ زمانی پێوەربەند، بونی چەندین ناوچەی جیاوازە لە چڕیی دانیشتوانی زارە کوردیەکان. لە عێراق و ئێران زۆرینەی ئاخێوەرانی زمانی کوردی لە زاری ناوەڕاستن، هەروەها زۆرینەی ڕەهای تورکیا و سوریا سەر بە زاری سەرون. ئەگەرچی لە ئێستادا زاری ناوەڕاست زاری دەوڵەمەندە و زۆرینەی مەرجەکانی بون بە زمانی پێوەربەندی بڕیوە و باشوری کوردستانیش تاکە بەشی کوردستانە، کە بە یاسا مافە زمانیەکانی پێدراوە، بەڵام ناتوانرێت تەنیا ئەو زارە بکرێتە زمانی پێوەربەند، چونکە لە پارچەکانی تورکیا و سوریا قبوڵکراو نابێت و زۆرینەی کورد لەو ناوچانە پێوەی پابەند نابن. لە بەرانبەردا زاری سەرو، کە زارێکی پێوەربەندە و زۆرینەی کورد سەر بەو زارەن، بەڵام بڕیاردان لەسەر ئەو زارەش سەرکەوتو نابێت، چونکە ئاخێوەرانی زاری ناوەڕاست لە ناوچەی چڕیی دانیشتوانی خۆیان پێوەی پابەند نابن. ئەمەش دەکرێت پەیوەندیی بە ناهۆشیاریی تاکی کورد و گرنگیدانی کورد بە ناوچەگەری و زارپەرستیەوە هەبێت لەسەر ڕەهەندی نەتەوەپەرستی. بونی خۆبەندی بۆ ناوچە و زارێک کارێکی نەخوازراو نیە، بەڵام ناکرێت ئەم

خۆبەندیە لەسەر هەژماری خۆبەندیی نەتەوەیی بێت، بەڵام ئەگەر ئاخێوەرانی کوردزمان هوشیاریی زمانی و نەتەوەییان بەرزتر و فراوانتر بوایە، دەکرا بڕیاردان لەسەر زمانی پێوەربەند زۆر لەوەی ئێستا ئاسانتر بوایە و ئاخێوەرانیش پابەندی بڕیارەکان بوبان. ئەوەی بابەتەکەی قورستر کردوە، بەرزیی ناوچەپەرستی، زارپەرستی، ڕێبازپەرستی و ئاوەزمەندیی دەقپەرستی لە بری ژیربێژی و ڕۆشنگەرایی زۆرینەی کۆمەڵگەی کوردیە.

**٤ــ بونی زیاتر لە ئەلفبێیەک:**

کورد زیاتر لە هەزار ساڵە بە ئەلفبێی ئارامی، یان عەرەبی دەنوسێت و هەمو ئەدەبی کۆنی کوردی بەو ئەلفبێیە نوسراوە، لە ئێستاشدا زۆرینەی ڕەهای بەرهەم و تێکستی زمان و ئەدەبی کوردی بەو ئەلفبێیە دەنوسرێت، تەنانەت هەمو زارەکان بەشدارن لەو بەرهەمانە.

لە دوای بیستەکانی سەدەی بیستەم، دو ئەلفبێ بەسەر بەشێک لە نەتەوەی کورد سەپێنران، ئەلفبێی لاتینی لە لایەن ڕژێمی کەمالیستی تورکیا و ئەلفبێی کریلیکیش لە لایەن ڕژێمی ستالینەوە بەسەر کوردی سۆڤیەت. بونی زیاتر لە یەک ئەلفبێ، کوردی کردۆتە دو بەشی زمانی و ئەدەبیی جیا. جیاوازیی ئەلفبێ دو بەشەکەی لە یەکتر نامۆ کردوە و وایکردوە کە کورد لە ئەدەبیاتی یەکتر بێبەش بن و زۆربەی زاراوە و وشەکانی یەکتریان لە لا نامۆبێت و توخنی ئەدەبیاتی یەکتر نەکەون، مەگەر ئەوانەی تێکەڵی هەردو بەشەکەن، یان حەزدەکەن خۆیان فێری زارەکەی تر بکەن. هەروەها بونی دو ئەلفبێی سەرەکی لە نێوان دو زارە سەرەکیەکەدا، بە ئامانجگەیاندنی زمانێکی یەکگرتو سەخت دەکات، بەوەی جگە لەوەی هەر یەکەیان ئەلفبێکەی خۆی بەلاوە پەسەندە، لە هەمان کاتدا لە ڕوی ڕامیاری و ئاینیەوەش کوردی دابەشکردوە، بەوەی بەشێکیان بە بیانوی ئاینی ئیسلامەوە پێ لەسەر ئەلفبێی عەرەبی دادەگرن و لە ڕوی نەتەوەییەوەش ئەلفبێی لاتینی ڕەتدەکەنەوە بەوەی سەپێنراوی کەمالیزمە، لە بەرانبەردا بەشەکەی تر هەرچەندە بە ژمارە زۆرترن، بەڵام لە ڕوی خوێندەواری بە زمانی کوردی ژمارەیان کەمترە، بە هۆی نەبونی مافی خوێندن بە زمانی دایک لە تورکیادا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەلفبێی عەرەبی ڕەتدەکەنەوە و پێ لەسەر ئەلفبێی لاتینی دادەگرن، ئەمەش بوەتە هۆکارێکی مەترسیدار بۆ پارچە پارچە بونی زمانی کوردی و یەکخستنی زمانەکەی زیاتر سەختکردوە. هەمو ئەو هۆکارانە وادەکەن کە بیر لە ڕێگەیەکی تر بکرێتەوە، کە سەرجەم ئاخێوەرانی زارەکان پێوەی پابەندبن و هەست بە یەکگرتنی زمانی کوردی بکەن و مافە زمانیەکانی خۆیان لەو زمانە بدۆزنەوە و هەست بە ناسنامەی خۆیان لەو زمانە یەکگرتوەدا بکەن. (( وەرگرتنی بڕیارێکی ڕامیاری بۆ بە پێوەرکردنی یەکێک لە زارەکان، نەک تەنیا زمانی کوردی لاواز دەکات، بەڵکو کورد دەخاتە پەرتەوازەیی، چونکە ئەوە پێواژۆیەکە دەبێت بە شێوەیەکی زانستیانە کاری بۆ بکرێت. کەواتە دۆزینەوەی زمانێکی یەکگرتو لە کۆی زارەکانی زمانی کوردی، چارەنوسێکی پڕشنگدارتری دەبێت، دور لە سەپاندنی شێوەزارێك یان دەسەڵاتی ناوچەیەکی تایبەتی لە کوردستاندا. واتە؛ بۆ ئەوەی هێزە بزوێنەرەکانی زارەکانی تری کورد، لە هەستکردن بەرانبەر زارێکی تر هەڵوێستی دژایەتی وەرنەگرن، جێگەی خۆیەتی ڕێبازێکی زانستی بگیرێتەبەر تاکو نزیکبونەوە لە نێوان زارەکان دروستبێت.)) ( ئاسۆ بیارەیی، ٢٠٠٨: ١٤) ئەو ڕێگەیەش بریتیە لە دروستکردنی زمانێکی یەکگرتو لە سەرجەم زارەکان، بە یەکخستنی ڕێزمان و ڕێنوس و وشە و زاراوەی سەرجەم زارەکان. ئەو زمانە یەکگرتوەی کە دێتەبەرهەم ئاسانکاریی زۆر بۆ کاروباری حکومەت و بواری پەروەردەیی و ئەکادیمیایی دروستدەکات و یەکسانیی کۆمەڵایەتی و ئابوری بەرهەمدێنێت و دەرفەتی یەکسان دەرەخسێنێت بۆ گەیاندنی

خزمەتگوزاریەکان بۆ هەمو تاکەکانی کۆمەڵگە، هەروەها قەوارەی نەتەوەیی هەرگیز یەکگرتو نابێت، ئەگەر یەک زمانی نەتەوەیی نەبێت، بۆیە بەبێ بونی ئەو زمانە یەکگرتوە کورد کیانێکی لاواز و لەرزۆکی دەبێت و تاکەکانیشی لەیەک دابڕاو و پەرتەوازە دەبن، سەرەڕای پەرتەوازەیی فەرهەنگی و پەروەردەیی و ئەکادیمی و ئابوری. (سوداد رەسوڵ: ٢٠٢٤) جگە لەمانە بونی زمانێکی یەکگرتو بە بەشداریی سەرجەم زارەکان، ڕازیبونی ئاخێوەران و زمانەوانەکانی سەرجەم زارە کوردیەکان ئاسانتر دەکات و پاساوی ئەوانەش دەبڕێت، کە پێیانوایە تاکپێوەریی زارەکانی دیکە دەکاتە پلە دو، هەروەها ئەو دەنگە ناڕازیانەش کپدەکات، کە زمانی پێوەربەند بە هەرەسی نەتەوەیی کورد ناودەبەن. لێرەدا ئەوەی جیاوازە، بە کوێری پەیڕەوی هیچ یاسا و وشە و زاراوەیەکی هیچ زارێک ناکرێت، با ئەو یاسا و وشە و زاراوانەش سەر بە زارە پێوەربەندەکان بن، بەڵکو بە شێوەیەکی زانستی و لەژێر چاودێریی ئەکادیمیای کوردی و لیژنەی زانستی تەرخانکراودا، یاسا و زاراوە گونجاوەکان بۆ ئەو زمانە یەکگرتوە هەڵدەبژێردرێن. وشەکانیش بەپێی ڕەسەنی و زۆری دوبارەبونەوەیان لە زارەکاندا هەڵدەبژێردرێن. ئەوانەش کە بەشداریی لەو لیژنە زانستیانە دەکەن دەبێ زمانەوان بن و شارەزایی تەواویان لەسەر زمانەوانیی کۆمەڵایەتی هەبێت و لەسەر بنەمای سودی نەتەوەیی دابنرێن، نەک لەسەر بنەمای تر، بۆ ئەوەی کارەکان زیاتر بە شێوەیەکی زانستی بەڕێوە بچن، نەک دابەشکاری ڕێژەیی یاسا و وشە و زاراوەکان لە نێوان زارەکاندا پەیڕەوبکەن. بە پێویست دەزانرێت ئەندامە پسپۆڕەکانی زمانەوانی لەو لیژنەیەدا ڕەچاوی هیچ هەستێکی خۆبەندیی زارپەرستی و ناوچەپەرستی نەکەن و بە گیانێکی کوردانەی زانستیی ڕەها، سەرجەم بڕیارەکانیان لە هەڵبژاردنی وردترین کەرەسە و بڕگەکانی هەرسێ ئاستە سەرەکیەکەی زمانەوانی (دەنگسازی، وشەسازی و ڕستەسازی)دا ڕەچاوی ئەو بنەما و پێوەرە زانستیانەی زمانەوانیی کارەکی بکەن:

یەکەم ــ زمان بوتێکی پیرۆز نیە:

دوەم ــ ئابوریی زمانەوانی:

سێیەم ــ ڕەسەنایەتیی کەرەسەکان:

چوارەم ــ پاکتاوی کاردانەوەی دەرونیی زارپەرستی:

جگە لە هۆکارە سەرەکیەکان، هەندێک هۆکاری لاوەکیش بونەتە بەربەست لەبەردەم دروستنەبونی ڕێنوس و زمانی پێوەربەندی کوردی:

1ــ بە پیرۆز زانینی ڕێنوسی سوننەتی و بە کفر زانینی دەستکاریکردنی.

2ــ بە ڕاست زانین و بە پیرۆز زانینی نوسین و توێژینەوەکانی نوسەر و زمانەوانان لە لایەن خۆیان و سوربونیان لەسەر هەڵەکانیان و باوەڕبونیان بەوەی گەیشتونەتە لوتکە.

3ــ کەم شارەزایی و زارپەرستیی هەندێک لە زماننوسان و هەوڵدان بۆ تێکدانی زاری مەبیو و هێنانەوەی بیانو و پاساوی جیا بۆ جیاکردنەوەی زاری خۆیان.

4ــ خۆ لە گێلیدان و فەرامۆشکردنی دەزگا زانیاری و زانستیەکان لە کێشە زمانەوانیەکانی نێوان زارەکان، لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندیی و پلە و پێگەی خۆیان لەو دەزگایانە.

5ــ فەرامۆشکردنی دەسەڵاتداران کێشە زارەکیەکان و لایەنگیری و پشتگیریکردنی ئەو لایەنەی سەر بە ناوچە و هەرێمی خۆیانە بە نهێنی یان بە ئاشکرا، لە ڕوی ماددی و مەعنەویەوە.

6ـ هەستنەکردن یان خۆ لە گێلیدانی تێکرای گەل بە گشتی و پسۆڕ و مامۆستایانی زمان بە تایبەتی لە دابەشبونی زمان و بونی پتر لە زمانێکی پێوەربەند.

## بەشی دووەم: ڕێچارەکانی زمانی پێوەربەندی کوردی:

### ١ـ یەکخستنی یاسا ڕێزمانیەکان:

ڕێزمان لقێکە لە زانستی زمانناسی و بریتیە لە کۆمەڵێک یاسا و دەستور، کە پەیوەندیدارە بە شێوەی ڕێکخستنی وشەکان لە چوارچێوەی ڕستەدا. ئەو زمانە یەکگرتوەی کە بۆ نەتەوەیەک دێتەئاراوە، زیاتر پەیوەستە بە زمانی نوسین نەک ئاخاوتن، بۆیە (ئەگەر کۆمەڵێک ئاخێوەر بە شێوەیەکی تایبەت بە خۆیان بدوێن و وشەی لێکچو و هاوبەشیان هەبێت و بەپێی پەیڕەوێکی هاوبەشی ڕێزمانی و وشەسازی، وشەکانیان ڕێکبخەن و بەکاریانبهێنن، ئەوا خاوەنی زمانێکی یەکگرتون، بەڵام ئەگەر ئاخێوەرانی زمانەکە لە ڕوی جوگرافیەوە دابەشبن، ڕەنگە شێوەی ئاخاوتنەکەیان جیاواز بێت و هەست بە جیاوازی بکەن. بە تایبەت کاتێک لە ڕوی دەنگسازی و وشەسازیدا جیاوازی لە نێوانیان هەبێت، ئەوا بە زارێکی یەک زمان دادەنرێن.) (دیاکۆ هاشمی، ٢٠٢١: ١٥٦) هەر زمانێک کە دێتەبەرهەم، گرنگترین بەشی زمانەکە بریتی دەبێت لە فەراهەمکردنی ڕێزمانێکی ڕەوان و بێ گرفت، کە جیابیکاتەوە لە زمانەکانی تر. هەمو زمانەکان لە سەرەتادا هاتونەتە ئارا، دواتر کەرەسەکانیان پۆلێنکراون و ڕێزمانیان دۆزراونەتەوە، واتە؛ بونی زمانەکان زۆر دێرینە و ڕێزمانەکان زۆر تازەن و ڕێزمان یاسا و زانیاریەکانی بە پێی زمانەکە دادەدەڕێژرێت، نەك بە پێچەوانە. هەمو یاسا و پێوەرە زمانیەکان لە کەرەسە و چۆنیەتیی کارکردنی زمانەکان هەڵێنجراون، نەك بە پێچەوانە. پێویستە ئەو ڕێزمانە لەگەڵ پێوەرە زمانەوانیەکان یەکانگیر بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بە شێوەیەکی سەرکەوتو ئامانجەکانی بپێکێت. زارەکانی زمانی کوردی لە بنەڕەتیە ڕێزمانیەکان وەکو یەکن، هەمویان هەمان پێڕەوی ڕیزکردنیان هەیە، کە بریتیە لە (بکەر + بەرکار + کار) لە باری ئاساییدا، نمونە:

- منداڵەکە نانی خوارد. زاری ناوەڕاست.
- ئەڤ زارۆکی نان خار. زاری سەرو.
- زارۆڵەگە نانەکەش وارد. زاری گۆران.

لەگەڵ بونی چەند جیاوازیەکی کەم لە دۆخە ڕێزمانیەکان، بۆیە پێویستە لەو زمانە یەکگرتوەی کە بڕیاری لێ دەدرێت، ئەو جیاوازیانەش چارەسەربکرێن. بونی ئەم جیاوازیە زمانیانە نەک هەر مەترسیی نین بۆسەر دروستبونی زمانی پێوەربەند، بەڵکو فەرهەنگێکی دەوڵەمەند بە زمان دەبەخشن، تاوەکو لە پێواژۆی بە پێوەرکردنی زماندا پێویستیمان بە زمانی بێگانە نەبێت. بەشێک لە جیاوازیەکان بریتین لە:

**یەکەم: ڕاناوەکان:**

**أ/ ڕاناوە سەربەخۆکان:** ئەو ڕاناوانەن، کە دەتوانن بە سەربەخۆیی وەک مۆرفیمێکی سەربەخۆ لە ڕستەدا لەجیاتی ناو یان فرێزی ناوی بەکاربێن و هەمو ئەرکەکانی ناو ببینن. زۆربەی زارە کوردیەکان یەک دەستە ڕاناوی سەربەخۆیان هەیە و هەر دەستەیەک لە شەش ڕاناو یان زیاتر پێکهاتوە بۆ تاک و کۆ. ڕاناوەکانیش لە زارەکاندا بەم شێوەیە دابەش بون:

من، تۆ، ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان زاری ناوەڕاست

| | |
|---|---|
| من، تو/ تن، ئەو، ئیمە، ئیوە، ئەوان | زاری خوارو |
| من، تو، ئاز/ ئاذە، ئیمە، شمە، ئاذی | زاری هەورامی |
| ئەز، تو، ئەو، ئەم، هون، ئەو | زاری سەرو/ دۆخی کارا |
| من، تە، وی/ وێ، مە، وە، وان | زاری سەرو/ دۆخی خاوەنی/ بەرکاری |

لە زاری سەرودا دو دەستە ڕاناوی کەسی سەربەخۆ هەن، یەکیان دەستەی ئاساییە بۆ دۆخی کارا بەکاردێت، دوەمیان بۆ خاوەنێتی و دۆخی بەرکاری بەکاردێت. پێویستە یەک دەستە ڕاناوی سەربەخۆ هەبێت، چونکە ئاسانترە بۆ ئاخێوەران، جگە لەوەش زیاتری زارەکان یەک دەستە ڕاناویان هەیە، ( من، تو، ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان) زیاتر دوبارە بونەتەوە، بۆیە ئەوەی دەبێت بکرێت، ئەوەیە: بە شێوەیەك پەیڕەو بکرێن، هەمو لایەنەکان بە ئاسانی تێیبگەن و دواتر زمانی پێوەربەند خۆی دەمەیێ و دروستدەبێت، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر دەسەڵات بڕیاری سەپاندنی زارێك نەدات، لە زمانی یەکگرتو دابنرێنەوە، واتە ڕاناوەکانی کەسی سەربەخۆ لە زمانە یەکگرتوەکە بەم شێوەیە بێت: (من، تو، ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان).

**ب/ ڕاناوە لکاوەکان:**

بە پێچەوانەی ڕاناوە سەربەخۆکان، (ڕاناوە لکاوەکان لە زاری ناوەڕاست دو دەستەن، بەڵام لە زاری سەرودا یەک دەستەن، جگە لەوەش لە زاری ناوەڕاستدا بکەر و فرمان لە کەس و ژمارەدا ڕێک دەکەون، بکەر لە چ کەس و ژمارەیەکدا بێت فرمانیش هەمان کەس و ژمارە وەردەگرێت. لە زاری سەرودا بەرکار و فرمان لە کەس و ژمارەدا ڕێک دەکەون، بەرکار لە چ کەس و ژمارەیەک بێت، فرمانیش هەمان کەس و ژمارە وەردەگرێت. (وریا عومەر ئەمین، ٢٠٠٩: ٢٦، ٣٤)

تێنەپەڕ/ من هات_ م، تۆ هات_ یت، ئەو هات ە، ئێمە هات _ ین، ئێوە هات _ ن، ئەوان هات _ ن.

تێپەڕ / من نارد _ م، تۆ نارد _ ت، ئەو نارد _ ی، ئێمە نارد _ مان، ئێوە نارد _ تان، ئەوان نارد _ یان.

تو ئەز دیت_ م، ئەز تە دیت _ ی، ئەز وی دیت، تە ئەم دیت _ ین، من هون دیت _ ن، ئەز وان دیت_ ن.

**دوەم: ڕەگەز:**

ڕەگەز (نفش) یەکێکە لەو چەمکانەی کە لە پێناسە و دیارکردنیدا توشی چەند گیروگرفتێکی ڕێزمانی و لۆجیکی دێین، لە ڕوی لۆجیکەوە تەنیا ئەو گیانلەبەرانەی زاوزێ دەکەن هەڵگری ڕەگەزی (مێ)ن، بەڵام لە هەندێک زماندا و لە زاری سەروی زمانی کوردیدا، بەپێی نیشانەیەکی ڕێزمانی ڕەگەزی ناو دەستنیشان دەکرێت، کە مەرج نیە لەگەڵ ڕەگەزی سروشتی یەک بگرێتەوە. جیاوازی سەرەکیی ڕەگەزی ڕێزمانی لەگەڵ ڕەگەزی سروشتی لەوەدایە، ناوی شتە بێ گیان و نابەرجەستەکانیش، کە خاوەن ڕەگەزی سروشتی نین، بە پێی وەرگرتنی نیشانەی ڕەگەزی ڕێزمانی تایبەت لە یەکتر جیادەکرێنەوە. ڕەگەزی سروشتی نەگۆڕ و چەسپاوە، بەڵام ڕەگەزی ڕێزمانی نەک تەنیا لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە، بەڵکو لەناو زارەکانی زمانێکیشدا جیاوازن.) ( ڤیان سلێمان حاجی سلێڤانەیی، ٢٠٠١: ٧) بۆ نمونە: (ڕۆژ) لە زاری سەرودا (مێ)یە و نیشانەی ڕەگەزی مێ وەردەگرێت، بەڵام لە زاری ناوەڕاستدا، ڕۆژ بێ لایەنە و هیچ نیشانەیەکی ڕەگەزی وەرناگرێت.

نیشانەی ڕەگەزی ڕێزمانی لە زاری سەرودا بریتیە لە: (ا) بۆ تاکی مێ، (ێ)بۆ تاکی نێر، (ێن، یٚت) بۆ کۆ لە دۆخی ڕاستەوخۆ. (ی) بۆ تاکی نێر، (ێ) بۆ تاکی مێ، (ان) بۆ کۆ لە دۆخی ناڕاستەوخۆ. لە دۆخی بانگکردنیشدا (ۆ) بۆ تاکی نێر، (ێ) بۆ تاکی مێ، (ینۆ، ینە) بۆ کۆ بەکاردێت.

کچا من. _ کوڕێ تە.

کچێت من. _ کوڕێن تە.

لە زاری ناوەڕاست/ سلێمانی نیشانەی ڕەگەزی ڕێزمانی بە زۆری تواوەتەوە و بەدیار ناکەوێت، هەردو ڕەگەز بە یەک شێوە دەردەکەون. نمونە: کچی من، کوڕی تۆ، کچەکانی من، کوڕەکانی تۆ. لە دۆخی بانگکردندا بۆ تاک، نیشانەی ڕەگەزی دەردەکەوێت، (ە) بۆ نێر و (ێ) بۆ مێ. کوڕە وەرە. _ کچێ وەرە.

شێوەزارەکانی زاری ناوەڕاست (هەولێر و مهاباد) جیاوازیان هەیە لە شێوەی سلێمانی، لە شێوەزاری هەولێردا (ی) بۆ ڕەگەزی نێر، (ێ) بۆ ڕەگەزی مێ لە دوای ناو دەردەکەون. نمونە:

بابی ئازادی دارەکەی چاند. _ داکێ ئازادی نانەکەی برژاند.

ئەوەی لە زاری ناوەڕاست جیاوازتر دەردەکەوێت، شێوەزاری موکریان/ گۆڤەری مهاباد، (هەردو ڕەگەزی ڕێزمانی و سروشتی تێدا دەردەکەوێت، (ی) بۆ نێر و (ێ) بۆ مێ وەک ڕەگەزی ڕێزمانی دەردەکەون، هەروەها ڕەگەزی سروشتیش جیاکراوەتەوە. (دار، کوێستان، خەم) لە ڕەگەزی مێ هەژمار دەکرێن و (شار، ئاگر، بەرد) لە ڕەگەزی نێر هەژمار دەکرێن، بەڵام ڕەگەزی ڕێزمانی لە شێوەزاری مهابادیش بەرەو لەناوچونە، چونکە یاسا و دەستورەکان لەگەڵ هەمو وشەکان ڕێکناکەون.) (فاتیمە دانش پژوە، ٢٠٢٠: ٧٤)

لە زاری گۆران/ هەورامی، ڕەگەز لە دۆخی سروشتی و ڕێزمانی دەردەکەوێت، (گوڵ، بەرد) بە مێ هەژمارکراون، (درەخت، ئاسمان) بە نێر هەژمارکراون. ڕەگەزە ڕێزمانیەکانیش بە شێوەیەکی فراوان دەردەکەون. (ژینۆ بەختیار هاشم، ٢٠٢٤: ١٤٧) لە زمانی یەکگرتودا پێویستە ئەو دۆخە ڕەگەزیانە چارەسەر بکرێن. وا باشترە ڕەگەز لەو زمانەدا لابرێت، بە تایبەت ڕەگەزی سروشتی، چونکە هەم لەگەڵ لۆجیک و هەم لەگەڵ زمانی کوردیدا یەکناگرێتەوە، هەروەها تەنیا یەک دەستە ڕەگەزی ڕێزمانی بۆ هەمو دۆخەکان بەکاربێت، (ی، ێ) یان (ا،ێ).

بونی هێماکانی ڕەگەز پەیوەستە بە فەلسەفەی مرۆڤایەتی بە گشتی و کۆمەڵایەتی بە تایبەتی، لە دێریندا جیاوازیی ڕەگەزایەتی هەبوە و لە زماندا ڕەنگیداوەتەوە و ئەو زمانانەی زو نوسرانەوە، وەك عەرەبی، فەرەنسی...هتد، لە نوسیندا چەسپان، بەڵام ئەو زمانانەی دوای لاوازبون و نەمانی بیرۆکەی جیاوازیی ڕەگەز نوسرانەوە، بونی ئەو نیشانانە کەمتر بو، یان نەمان... بۆیە، بۆ بون و مانەوەی ئەو نیشانانە وا ڕاستترە، پرسیار لە کورد بکرێت، ئایا لە ڕوی پایەی مرۆڤایەتیەوە ئەو دو ڕەگەزە جیاوازن؟.

**سێیەم: بکەر نادیار:**

ڕستەی بکەر نادیار بەو ڕستانە دەگوترێت، کە تیایدا بکەری ڕستەکە دەرناخرێت بە هەر هۆیەک بێت. بکەر نادیار لە زاری لوڕ/ فەیلی، بە لکاندنی نیشانەی نادیاری (یا) بە دوای ڕەگی کارەوە دروستدەبێت.

خوریا _ کریا _ دەڵەک دریام. ڕابردو.

دەرکریێین _ دەڵەک دریەم. داهاتو ( تارا عەبدوڵڵا سەعید، ٢٠١٤: ٢٨)

لە زاری ناوەڕاست (ر) نیشانەی نادیاریە و دەچێتە سەر ڕەگی کار.

کارزان نانەکەی خوارد.                    نانەکە خورا. / ڕابردو

کارزان نانەکە دەخوات.                    نانەکە دەخورێت. / ڕانەبردو

لە زاری سەرودا, کاری یاریدەدەری (هات) بەکاردێت بۆ نادیاری. (هاتە خارن./ ڕابردو، تێتە خارن. ڕانەبردو).

باشترە هەمان شێوەی زاری ناوەڕاست بۆ بکەر نادیار لە زمانی یەکگرتوش بەکاربێت، بە هۆی بونی یەک پیت بۆ نادیاری، ئەمەش زیاتر پەیڕەوی ئابوری زمانیی دەکات.

**چوارەم: ناسیاوی:**

لە زاری سەرودا مۆرفیمێکی تایبەت بە ناساندن بونی نیە، لە بری ئەوە نیشانەیەکی تایبەت بە ناسیاوی وەک ئامرازی نیشانە (ناوی نیشانە) بەکاردێت. نمونە: ئەڤ جۆتکارە گەلەک دانعەمرە.

لە زاری ناوەڕاستدا بە هۆی ئەوەی ڕەگەزی ڕێزمانی دەرناکەوێت، بۆیە تەنیا (ەکە) بۆ ناسیاوی نێر و مێ بەدیار دەکەوێت لەو وشانەی کە بە نەبزوێن کۆتاییان هاتوە، وەک: دارەکە _ گوڵەکە. بەڵام ئەگەر وشەکە بە پیتی بزوێن کۆتایی هاتبێت، بە چەندین شێوەی تر دەردەکەون، کە هەمویان ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی (ەکە)ن، وەک: (یەکە، کە ەک، ک، وەکە) (ڕەفیق شوانی، ٢٠١١: ١٨) نمونە:

ماسییەکە ، شوشەکە ، گوڵەکان ، شوشەکان ، خانووەکە.

لە زاری گۆران/ هەورامی، بە هۆی ئەوەی ڕەگەز جیاکراوەتەوە، دو مۆرفیمی ناسیاوی دەردەکەون: (ەکە) بۆ ڕەگەزی نێر، (ەکێ) بۆ ڕەگەزی مێ.

زەماکە (زاواکە)   _   هانەکە (کانیەکە)   بۆ نێر

کناچەکێ (کچەکە)   _   مریچلەکێ (چۆلەکەکە)   بۆ مێ

لە زاری لوڕ/ فەیلی، مۆرفیمی ناسراوی بریتیە لە (ەگە) و ئەلۆمۆرفەکانی (گە، ە).

ژنەکە سوزیا. ، داناگە هات. (ئاسۆ عەبدولڕەحمان کەریم، ٢٠١٢: ٤٨)

پێویستە تەنیا (ەکە) بۆ ناسیاوی دابنرێتەوە، چونکە سەرلێشێوان لای بەکارهێنەری زمانەکە دروستناکات، جگە لەوەش لە ڕوی ئابوری وشەییەوە باشترە، دەربڕینی وشەی (دارەکە) زۆر ئاسانترە لە وشەی (ئەڤ دارە)، هەروەها دەربڕینی وشەی (مامۆستاکە) ئاسانترە لە (مامۆستاگە) بۆ وشەکانی دیکەش بە هەمان شێوەیە.

**٢/ یەکخستنی وشە و زاراوەکان:**

بونی زمانێکی یەکگرتو، جگە لە بونی ڕێزمان و ئەلفبێی یەکگرتو، پێویستی بە بونی وشە و زاراوەی هاوبەش هەیە، پێویستە وشە هاوبەشەکان لە کۆی زارەکان، لە زمانی یەکگرتودا دابنرێنەوە، وشەکانی تریش بەپێی ڕەسەنایەتی و پێکانی مەبەست دابنرێن. ئەو وشانەی کە هاوواتان و ڕەسەنن، دەکرێت لە بواری جیاوازدا بەکاربێن. بۆ نمونە: وشەی (ژن) کە هاوبەشە لە نێوان زارەکاندا، لە بەرانبەریدا وشەی ( ئافرەت) هەیە، (ژن) بۆ کەسی هاوسەردار بەکاربێت و (ئافرەت) بۆ کەسی بێ هاوسەر بێت و کناچە بۆ کچ. هەروەها هەندێک وشەی پەیوەست بە خزمایەتی کە لە زارێکدا بۆ کوڕ و کچ یەک شێوەن، وشەی زارەکانی دیکە بەکاربێت، کە مەبەستەکە تەواو دیاردەکات. بۆ نمونە: ئامۆزا لە زاری ناوەڕاست، دیارنیە مەبەست لە کچە یان کوڕ، هەروەها (مامۆزا) لە هەورامی بە هەمان شێوەیە،

بەڵام وشەی (دۆتمام، پسمام) لە زاری سەرودا مەبەستەکە دیارە، بۆیە پێویستە ئەوانە دابنرێن. بۆ وشەکانی تریش دوای تاوتوێکردنیان لە لایەن لێژنەی ئەکادیمیا، زمانەوانەکان کامیان بە پەسەندتر زانی، لە زمانی یەکگرتودا دابنرێن. زارەوەکانیش بەشێکی گرنگی زمان پێکدەهێنن، بۆیە بونی زاراوەی یەکگرتو پێویستیەکی لە پێشینەی زمانی پێوەربەندە. لەناو کوردا زاراوەی جۆراوجۆر بۆ هەمان واتا بەکارهاتون، بۆ نمونە: تەنیا لە بەرانبەر یەک واتا چەندین زاراوە بەکارهاتون، وەک: ( جێناو/ ڕاناو ، فرمان/ کار)، پێویستە زاراوەکان یەکبخرێن و هەر چەمکێک تەنیا بۆ یەک مەبەست بەکاربێت.

**٣/ یەکخستنی ئەلفبێ و ڕێنوسی کوردی:**

لە دانان یان بژارکردنی ئەلفبێی کوردی، پێویستە دەستەی بژارکەر خۆی دورخاتەوە لە هەستی نەتەوایەتی و ڕاهاتوێکی پەروەردەی کەلتوری و وەکو ڕۆبۆتی بێ هەست، ڕەچاوی ئەو بنەما زانستیانە بکات:

1ـــ بە پێی پێناسەی بلۆمفیلد و بنەمای جیهانی: هەر فۆنێمێك بریتیە لە کورتترین دەنگ، کە دەبێتە هۆی واتاگۆڕین و دانان و لادانی واتا دەگۆڕێت.

2ـــ ژمارەی فۆنیمەکانی هەر زمانێك جیاوازە لە زمانێکی تر و دەبێت ژمارەی فۆنێمەکانی هەموزارەکانی زمانێك هێندەی یەکتر بن و هەمو فۆنیمەکان بە پێی کەوتگەیان شەپۆلی گۆکردنیان گۆڕانیان بەسەردا دێت.

3ـــ هەرچەندە ئەندامانی خێزانێکی زمانی ژمارەی فۆنێم و بڕگەکانیان لەیەك نزیکن و جیاوازن لە خێزانێکی تری زمانی، تاکو خێزانەکە دورتر بێت، جیاوازیی نێوانیان پتر دەبێت، بەڵام هیچیان کوتومت وەك یەك نین.

4ـــ هەڵبژاردنی فۆنێمەکانی هەر زمانێك بە پێی بەراوردی وشە ڕەسەن و دێرینەکانی زمانەکە بێت، نەك وشە وەرگیراو و بیانیەکان.

5ـــ پێوەری هیچ زمانێك بەسەر زمانێکی تردا ناسەپێت. بۆ نمونە: هەر بڕگەیەك کرۆکێکی هەیە و هێزی سەرەکیی بڕگەی لەسەرە، بەڵام مەرج نیە کرۆکی هەر بڕگەیەك لە زمانی کوردیدا وەك زمانی عەرەبی بزوێن بێت، یان بڕگە نابێت بە بزوێن دەستپێبکات و بڕگەی یەك فۆنیم لە کوردیدا نەبێت، کە ئەمانە هەموی یاسای زمانی عەرەبین و بەسەر زمانی کوردیدا سەپاون.

ئەلفبێی هەر زمانێک لەسەر بنەمای دەنگ و فۆنیمەکانی ئەو زمانە و تایبەتمەندیی زمانەکە جیا دەکرێتەوە. کۆی پیتەکانی ئەلفبێکە و لێکدانیان لە چوارچێوەی بڕگە و فرێز و ڕستەدا، ڕێنوس و نوسینی زمانەکە پێکدەهێنن. لە زمانی کوردیدا چەندین شێوە نوسین بۆ ئەلفبێ بەکارهاتوە، (ئەلفبێ، ئەلفوبێ، ئەلف و بێ، ئەلفبا)، هەرچەندە ئەلفوبێ ڕیشەیەکی کۆنتری هەیە و لای زۆرینەی زمانەوانەکان و بەشێک لە شاعیرانیش بەکارهاتوە، بە نمونە: (ئەمین باڵدار، غازی فاتح وەیس، حاجی قادری کۆیی، ..)، بەڵام توێژینەوەکە (ئەلفبێ) بە گونجاوتر دەزانێت، چونکە بەپێی دروستکردنی وشەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا، هەنگاوی سەرەتا ئەوەیە کە وشەی لێکدراو بێ یارمەتی گیرەک دروستبکرێت، ئەگەر ئەو ڕێگەیە نەگونجا ئینجا پەنا دەبرێتە بەر هەنگاوی دواتر، کە بەکارهێنانی گیرەکە بۆ لێکدانی وشەکان.

ئەلفبێ و زمان دو شتی جیاوازن، بەڵام تەواوکەری یەکترن، ئەلفبێ ئەو هێمایانەیە کە بۆ نیشاندانی ئەو

فۆنیم و دەنگانە بەکاردەهێنرێت، کە لە زمانێکدا بونیان هەیە و لە لایەن ئاخێوەرانی زمانەوە بەکاردەهێنرێن. بەم شێوەیە ئەو هێمایانە بە ئەلفبێ ناودەبرێن، کە مرۆڤ بەخۆی دروستیاندەکات و بەکاریاندێنێت. زمان ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک کەس یان نەتەوەی دیارکراو، کە بەو زمانە دەدوێن و لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاریدێنن بۆ پەیوەندیکردن، بەڵام ئەلفبێ ئاماژە بە کۆمەڵێک کەسی دیارکراو ناکەن. هەر ئەلفبێیەک دەتوانێت خۆی لەگەڵ هەر زمانێکی تردا بگونجێنێت و نوێنەرایەتی فۆنیم و دەنگەکانی ئەو زمانە بکات. هەروەها هەرکاتێک پێویست بو مرۆڤ دەتوانێت هێمای نوێ بۆ فۆنیمی نوێ دروستبکات و بیخاتە ناو ئەلفبێی زمانەکەیەوە. ( Momen Yaseen M.Amin and Javanshir Shibiliyev, **2021: 527**) بونی زیاتر لە ئەلفبێیەک بۆ زمانی کوردی بۆتە هۆی دورخستنەوەی دو زارە سەرەکیەکەی زمانی کوردی لە یەکتر و بێئاگابون لە بەرهەمەکانی یەکتر، چونکە هەریەکەی بە ئەلفبێیەک دەنوسن و ناتوانن سود لە بەرهەمەکانی یەکتر وەربگرن، بەمەش گەورەترین زیانی لە یەکگرتویی کورد داوە. بۆیە گرنگترین کار کە بۆ زمانی کوردی بکرێت، بەکارهێنانی یەک ئەلفبێیە، کە کەمترین کەموکوڕی تێدابێت. (لە ڕێنوسی هەمو زمانێکیشدا سەرەتا گرفت هەبوە، هۆی سەرەکی ئەم گرفتانەش دەگەڕێتەوە بۆ پێڕانەگەیشتنی شێوەی پیتەکان بە دەنگەکان، بەڵام لە هەمویاندا چارەسەر دۆزراوتەوە، ئەگەر بە نیوەچڵیش بێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە ڕێککەوتون چۆن بنوسن.) (بەدران ئەحمەد حەبیب، ٢٠٠٤: ٥) یەکێک لە باشیەکانی زمانی کوردی ئەوەیە کە (چۆن دەوترێت ئاواش دەنوسرێت، چۆن دەنوسرێت ئاواش دەخوێندرێتەوە، لە پەیڕەوی دەنگسازیی جیهاندا بە ئاسانی گوزارشتی لێدەکرێت، وردەکاریەکانی دەنگسازی شتێکی ئەوتۆ نین لە ئاوازی خوێندنەوەدا گرفت بخوڵقێنن. هیچکام لەو گرفتانەی نیە کە لە زمانەکانی دیکەدا هەن، جگە لەوەش هەمو فۆنەکان، تەنیا (ئا) نەبێ، قەوارەی تەواوی فۆنیمەکانن و بە یەک پیت نیشاندەدرێن. واتە؛ هەر پیتێک هێمای دەنگێکە، قەوارەی فۆن و فۆنیم وەک یەکن. لەبەر ئەوە پێویست ناکات بە بیانوی بێ بنەما و بە خاتری ئەو کەسانەی فێری کوردی دەبن یان فێردەکرێن، ئالۆزبکرێت. زمانەکانی تر کۆمەڵێک کەموکوڕی دەنگسازییان هەیە، کە لە خودی سروشتی زمانەکە و ژینگەکەیانەوە هاتون. ( مستەفا غەفوری، ٢٠٢٤: ٣٨٠) لێرەدا باس لە دیارترین گرفتەکانی ئەلفبێی زمانی کوردی دەکەین:

**١/ ئەلفبێی کوردی بەپیتی عەرەبی:**

بۆ دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی زمان بە شێوەیەکی دروست، پێویستە ئەمانەی خوارەوە پەیڕەو بکەین:

یەکەم: دیارکردنی دەنگەکانی زمانەکە.

دوەم: دانانی پیت بۆ هەر دەنگێک.

سێیەم: بەراوردکردنی ئەم پیتانە لەگەڵ یەکتر، بۆ سەلماندنی پێویست بونیان لە ئەلفبێی زمانەکەدا و سەلماندنی ئەوەی کە نەبونی هەریەکێکیان دەبێتە هۆی واتا گۆڕین. (کەمال فوئاد، ١٩٩٥: ١) بونی هەندێک گرفتی وەک (هەمزە ، بزرۆکە ،یەک واو ،دو واو، دەنگی (ح_ع) و دەنگی (خ ،غ) . دیارترین ئەو گرفتانەن کە ڕوبەڕوی ڕێنوسی کوردی بە پیتی عەرەبی بۆتەوە، بەڵام بۆ ئەوانەش چارەسەر هەیە.

١ _ هەمزە بزوێن نیە بەڵکو دەنگێکی کپە و تەنیا لەسەرەتای وشەدا لەگەڵ بزوێندا دەردەکەوێت، لە نوسیندا بە تەنیا و بە ڕوتی نانوسرێت، بەڵکو دەخرێتەسەر کورسی (رکزە). وەک: ئارد _ ئومێد _ ئۆمەر _ ئێران _ ئیمڕۆ _ ئووچ. (نەسرین محەمەد فەخری، ١٩٧٧ _ ١٩٧٨: ١٤) لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا زۆر بە کەمی دەردەکەوێت، چونکە

لە زۆربەی وشەکاندا بون و نەبونی هیچ لە واتای وشەکە ناگۆڕێت. وەک: ماستاو، کەفاو، تەنیا لە چەند وشەیەکی کەم نەبێت، کە بونیان پێویستە. وەک: تێئاڵان _ لێوئاڵ.

هەمزە پێویستیەکی سەرەکیە و بە زۆری ئەرکێکی فۆنەتیکی هەیە نەک فۆنۆلۆجی، (کاتێک پیتێکی بزوێن بکەوێتە سەرەتای وشە، بە هۆی ئەوەی دەمی مرۆڤ کراوەیە بۆ گرتنەوەی هەوا بەربەستێک لە ڕێی دەرچونی هەوادا نیە، بە ناچاری دەنگی هەمزە (ئـ) وەک دەمگر (صمام) دروستدەبێت و تاکو قسەکەر تێکی نەدات و نەیکاتەوە، ڕێگەی هەوا نادات لە خۆیەوە و بێ سود بێتە دەرەوە، بۆ ئەوەی هەواکە پاشەکەوت بێت بۆ گۆکردنی وشەکە و بەشی ئاخاوتنەکە بکات. (عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول، ٢٠١٥: ٢٦١) بونی هەمزە لە زمانی کوردیدا ناکرێت بە فۆنیم دابنرێت بە بونی ئەم بەڵگانەی خوارەوە:

١- لە هەمو زمانە هیندۆ ئەوروپیەکان، دیاردەی بونی دەنگی سەرەتای بزوێنەکان هەیە، بەڵام بە فۆنیم دانەنراون.

٢_ ئەگەر پاساوی ئەوە هەیە، کە فۆنیمێک شوێنی بگرێتەوە واتای وشە دەگۆڕێت، وەک: ئەردەڵان_ بەردەڵان، ئەوە لە شوێندانان نیە، بەڵکو زیادکردنی فۆنیمێکە.

٣- هەرکاتێک دەنگێکی نەبزوێن شوێنی بگرێتەوە، بونی نامێنێت، بێ ئەوەی واتای وشەکە بگۆڕێت. وەک: قورئان _ قورعان، ئەقڵ _ عەقڵ. ( دارا کەمال سلێمان، ٢٠٢٤: ٣٦_٣٨)

٤- تەنیا لە سەرەتای وشەدا دەردەکەوێت، لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا وەک فۆنیمێکی سەربەخۆ چالاک نیە، بە تایبەت لە کۆتاییدا، ((تەنیا لە تاکە وشەیەکی زمانی کوردیدا دەبینرێت ئەویش وشەی (نەء)ە.)) (غازی فاتح وەیس، ١٩٨٤: ٤٦) بەڵام ئەمە نابێتە پاساوێکی گونجاو بۆ بونی بە فۆنیم، بە چەند هۆکارێک:

أ/ ناکرێت بونی یەک وشە وەک چالاکی فۆنیمێک دابنرێت.

ب/ دەکرێت هەمزەکە لاببرێت، بێ ئەوەی واتاکەی بگۆڕێت. نەء _ نە _ نا.

پ/ بونی هەمزە لەم وشەیەدا تەنیا بۆ گرتنەوەی هەوای دەرچوە لە سیەکاندا، نەک زیادکردنی فۆنیمێک.

٢- لە بنەڕەتدا هەردو دەنگی ( ح، ع) کوردی ڕەسەن نین، تا ئێستا وشەی ئەوتۆیان پێ دروست نەبوە، کە ئاڵوگۆڕکردنیان ببێتە هۆی گۆڕینی واتا. دەشێت (ه) لە شوێنی (ح) دابنرێت، (هەمزە)ش شوێنی (ع) بگرێتەوە، بۆیە دەکرێت (ح، ع) لە ڕیزبەندی پیتە کوردیەکان بسڕینەوە، بەمەش بارسوکیەک بۆ ئەلفبێکە دروستدەکات و پرۆسەی فێرکردنی منداڵ خێراتر دەکات. ئەمە لە شێوە ئاخاوتنی کوردەکانی ئێراندا زیاتر دەردەکەوێت، کە (ح) بە (ه) و (ع) بە (ئـ) دەردەبڕن. نمونە:

حەفتە _ هەفتە، حەسار _ هەسار _ گوناح _ گوناه.

عاسمان _ ئاسمان، قورعان _ قورئان.

٣- لە زمانی کوردیدا بە ئەستەم وشەیەک دەدۆزیتەوە کە بە پیتی (غ) دروستبکرێت، ئەو وشانەش کە لە زمانی کوردیدا بەکاردەهێنرێن، لە بنەڕەتدا لە زمانی عەرەبیەوە هاتونەتە ناو زمانی کوردی. وەکو: (غرور، غەریب، غیرەت)، بۆ ئەم وشانەش دەتوانرێت پیتی (خ) لە شوێنیان دابنرێت، بێ ئەوەی واتایان بگۆڕێت. بۆیە دەکرێت پیتی (غ) لە ڕێنوسی کوردیدا بسڕێتەوە، هەروەک لە ڕێنوسی لاتیندا ئەم پیتەمان نیە. ئەمەش هیچ گرفتێک دروستناکات، بە تایبەت کاتێک پیتی (خ) لە هەمو وشەکاندا دەتوانێت شوێنی (غ) بگرێتەوە، بێ ئەوەی واتاکەیان بگۆڕێت. وەکو:

غەریب _ خەریب، باغەوان _ باخەوان، باغ _ باخ. بۆ ئەمەش دەکرێت ئاخێوەر سەربەست بێت لە چۆنیەتی گۆکردنیان. تەنیا جوتە وشەیەک کە جیاوازی واتا دروستبکات ( خار _ غار)ە، (غار)یش لە بنەڕەتدا وشەیەکی کوردی ڕەسەن نیە. هەمو ئەوانەش کاتێک زیاتر دەردەکەوێت، کە زمانی کوردی لە وشەی بێگانە پاک بکرێتەوە.

٤ - پیتی (وو) لە زمانی کوردیدا ناکرێت بە فۆنیم دابنرێت، چونکە ناکەوێتە بەر پێناسەی زانستیی فۆنیم، بەوەی ئەگەر لە سەرەتا و کۆتایی وشەدا لەگەڵ (و) ئاڵوگۆڕی بکەین هیچ لە واتای وشەکە ناگۆڕێت، تەنیا لە ناوەڕاستی وشەدا و بە دەگمەن واتا دەگۆڕن.

وڵات _ ووڵات ورچ _ وورچ واتای نەگۆڕیوە.

ئارو _ ئاروو سەرو _ سەروو واتای نەگۆڕیوە.

پوخت _ پووخت مو _ موو واتای نەگۆڕیوە.

کوڕ _ کووڕ / واتای گۆڕیوە، بەڵام مەرج نیە بکرێتە فۆنیمێکی سەربەخۆ، یەک (و) دەتوانێت هەمو پێویستیی وشەکان کە واویان تێدایە جێبەجێ بکات. بونی چەند وشەیەک بە (وو) لەجیاتی ئەوەی فۆنیمێکی سەرەکیی بۆ دابنرێت، دەکرێت ئەو وشانە بە دوبارەبونەوەی فۆنیمی (و) بنوسرێن. وەک: سوڕ - cvc ( ٣ فۆنیم), سووڕ _ Cvcc (٤ فۆنیم)، جگە لەوەش بونی (و) و (وو) لە هیچ وشەیەکی زمانی کوردیدا دەنگێکی جیاواز دروستناکات، هەمو فۆنیمەکانی تری زمانی کوردی جیاوازی دەنگیی لە ئاخاوتندا دروستدەکەن، هەروەک لە پێناسەی فۆنیمدا هاتوە: فۆنیم وێنەیەکی دەنگیی و بیستراوی بەردەوامە. هەرگیز پیتی (ق) ناتوانێ دەنگی (گ) دەربکات و بە پێچەوانەوەش هەمان شتە، بۆیە لابردنی پیتی (وو) لە ئەلفبێی کوردیدا هیچ گرفتێک دروستناکات. لەو بارەیەوە مامۆستا مەسعود محەمەد دەڵێت: ((لابردنی (وو) کارێکی تا بڵێی پەسەندە، چونکە سەیرێکی گەلێک سەیرە یەک دەنگ بە دو پیت بنوسرێت.)) (مەسعود محەمەد، شکۆی زمان، www. Mamosta. com، ١٠) هەروەها (د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف) دەڵێت: ((نوسینی (وو) لە سەرێکی تریشەوە دوچاری گرفتمان دەکات ئەویش ئەوەیە، ئێمە لە کوردیدا بۆ نوسنی دەنگێک کە هێز (Stress)ی لەسەر بێت، دو جار پیتەکە دەنوسین، وەک: میللەت. ئێمە کە دەستورمان ئەوەبو پیتەکە دوبارە بکەینەوە، لە نوسینی دو (و) دەستورەکەمان لێ هەڵدەوەشێتەوە، چونکە مەبەستمان هێز نیە)) (محەمەد حوسێن عەلی زەهاوی، ١٩٩٩: ٣٢)

٥ - گرفتێکی تری ئەم ئەلفبێیە بونی ژمارەیەکی زۆر خاڵە لەسەر پیتەکان، ئەمەش زۆر جار لە کاتی فێربوندا بەرۆکی فێرخوازان دەگرێت، هەروەها کاتێکی زۆرتری دەوێت بۆ نوسین. بۆ نمونە: لە وشەی (پێشڤەچون)دا (١٤) خاڵ هەیە، ئەمەش شێوان لای فێرخواز دروستدەکات و ئەگەری هەڵە نوسین دینێتە کایەوە. گرفتی هەرە گەورەی ڕێنوسی عەرەبی ناچاربونی نوسەرە بۆ چەندین جار دەستهەڵگرتن لە نوسینی یەک وشەدا بە هۆی بونی پیتی خاڵدار، ئەلفبێی کوردی ئەم گرفتەی لە عەرەبیەوە بە میرات بۆ مایەوە، هات ژمارەی پیتی خاڵداری زیادکرد، بەوەدا کە بەشێکی لەو پیتانەی تایبەتی کوردین و لە عەرەبیدا نین، ئەوانیش بەخۆ و خاڵەوە هاتنە ناو ڕێنوس و ئەلفبێوە، وەک پیتەکانی (پ، ژ، ڤ، چ). (مەسعود محەمەد، شکۆی زمان، (www.Mamosta.net: ٣٤)

٦ - سەبارەت بە نەبونی بزرۆکە، بەشێک لە زمانەوانەکان بە کێشەی دەزانن، بەڵام ئەمە کێشە دروستناکات، چونکە نەبونی لێڵی لای خوێنەر دروستناکات و نەنوسینی واتا ناگۆڕێت، هەروەها بزرۆکە دەنگ نیە تا پیتی بۆ دابنرێت، لە

لایەکی ترەوە چەندین ئەلفبێی جیهانی هەن کە دەنگی وای تێدایە پیتی بۆ دانەنراوە و بە لێکدانی دو پیت دەردەبڕدرێن. وەک: دەنگی (چ) ، کە بە (ch) لە زمانی ئینگلیزی دەنوسرێت، هەروەها لە زمانی کوردیشدا دەنگی (چ) کە بە بەدوا یەکدا هاتنی (ک_ی) یان (ک_ ێ) دروستدەبێت، بەڵام پیتی بۆ دانەنراوە. وەک: (کیلۆ _ کێو)، کەچی ئاخێوەر بێ کێشە دەریدەبڕێت.

دوای ئەنجامدانی گۆرانکاریەکان لە ئەلفبێی کوردی بە پیتی عەرەبی/خۆماڵی، پیتەکان بەم شێوەیە ڕیز دەبـــن: ( ا، ب، پ، ت، ج، چ، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ف، ڤ، ق، ک، گ، ل، ڵ، م، ن، ە، و، ۆ، ی، ێ). بەمەش

ژمارەیان دەبێتە (٢٨) پیت و گرفتەکانی کەمتر دەبن و زیاتر بە شێوەیەکی خۆماڵی دەردەکەوێت. هەرچەندە لابردنی ئەو پیتانە لە ئەلفبێی کوردیدا، لە نوسینی تێکستەکاندا گرفت دروستناکات، بەڵام گرفتێکـی تـری ڕوبەڕو دەبێـتەوە، ئەویـش ئەوەیە کە ئەو پیتـانە لە تەکنەلۆژیـادا بـونەتە فۆنـت، بـۆیە دەکرێـت لە نێـوان مانەوەیـان و چارەسەرکردنیان لە بواری تەکنەلۆژیادا یەکێکیان هەڵبژێردرێت.

لەگەڵ هەمو ئەو گرفتانەی کە لە ئەلفبێی عەرەبیدا هەن، کەچی تەواوی پێداویستی نوسینیان لە زمانی کوردیدا ڕەخساندوە، لە هیچ زمانێکدا دەنگ و پیتەکان ناتوانن سەدا سەد ئاوێنەی یەکتر بن، بەڵکو لە هەمو زمانێکدا بای ئەوە گرفتی هەیە، گرنگ ڕێککەوتنی ئەو گەل و نەتەوەیە لەسەر ئەلفبێیەکە.

**٢/ ئەلفبێی کوردی بە پیتی لاتینی:**

لەگەڵ ئەوەی کە ئەلفبێی کوردی بە پیتی لاتینی هەندێ گرفتمان بۆ چارەسەر دەکات، بەڵام ئەویش بێ گرفت نیە، بەڵکو گرفتەکانی لە ئەلفبێی کوردی بە پیتی عەرەبی زیاترن.

یەکەم: لە ئەلفبێـی لاتینـی ئەم پیتـانە هێمایـان بـۆ دانەنـراوە (ح، خ، ڕ، ع، غ، ش، ژ، ق، ڵ)، لەکاتێکدا زۆربەیـان ڕەسەنایەتی کوردییان هەیە.

أ/ هەردو دەنگی (غ،خ) بە پیتی ( x ) دەنوسرێن: بـاخ _ bax ، غەمگـین _ xamgin . ((لەکاتێکدا (x ) وەک (لا)ی عەرەبی بریتیە لە دو پیتی سەربەخۆ دەنگی خۆیان لە وشەدا نادەنەوە، بەڵکو وێنەیەکی سەرلەبەر دەبێتە نیشانە بۆ وشەیەکی سەرلەبەر.)) (مەسعود محەمەد، شکۆی زمان: ٨) ئەو دو فۆنیمە لەگەڵ ( X ) نە

لە ڕوی دەنگەوە نە لە ڕوی هێماوە هیچ پەیوەندیان بە یەکەوە نیە. هەروەها پیتی (q) بەهەمان شێوە دەنگی خۆی ناداتەوە. وەک: قوڕ _ qur.

ب/ هەردو دەنگی (ڕ، ر) بە یەک شێوە دەنوسرێن، ئەمەش گرفتێکە، چونکە واتای وشەکان دەگۆرێت. نمونە: برین _ بڕین _ Brin ، تەنانەت گەر بە ( rr) یش بنوسرێت گرفتەکە چارەسەر ناکات.

پ/ دەنگی (ڵ) بەهەمان شێوەی لامی سوک دەنوسرێت، یان بە (ll) دەنوسرێت، ئەمەش خەوشێکی ترە پێویستی بە چارەسەرە. وەک: گوڵ Gull _ Gul .

ت/ هەردو دەنگی (ە، ێ) بە یەک فۆنیم دەنوسرێن. بەرد _ Berd ، کێرد _ Kerd .

ج/بەرانبەر پیتی (ح) هیچ هێمایەک دانەنراوە. (حاجی _ Haci )

دووەم: بونی چەند پیتێک بۆ یەک دەنگ، وەک: (چ، ش، ژ، خ)

أ/ دەنگی (ژ) هێمای تایبەتی نیە، بە دو شێوە دەنوسرێت. ( j, zh ) وەک: مێوژ _ Meuj _Meuzh .

ب/ دەنگی (چ) بە لێکدانی دو پیتی ( h+c )دەنوسرێت وەک: چاو _chaw .

پ/ دەنگی (خ) بە (x)، یان (kh) دەنوسرێت: بێخاڵ- Bexal , Bekhal.

سێیەم: نوسینی چەند دەنگێک بە یەک پیت. وەک: (ئۆ، ئێ، ئا) لە کاتێکدا هەریەکەی دو دەنگن.Aw_Ard ئەگەر (ئا) بە ( A) بنوسرێ، ئەوا مەنتیق داوات لێ دەکات (با)ش بە یەک پیت بنوسرێ، هەروەها (دا، را، تا، ها...)ش، چونکە هەمویان وەک (ئا) دو دەنگن. (مەسعود محەمەد، شکۆی زمان: ٨)

چوارەم: پیتی تایبەت بۆ تاکە دەنگی بزوێن نیە. (بەرگ _ Berg) لێرەدا (e) بۆ بزوێنی (ە) بەکارهاتوە، (ئەو _ ew) لێرەدا ( e ) بۆ (ئ+ە) بەکارهاتوە ، (مێوژ _ Meuj) لێرەدا ( e ) بۆ بزوێنی (ێ) بەکارهاتوە. تەنانەت لە وشەی (ئەستێرە _ estera)، یەک پیت بە دو شێوە دەخوێندرێتەوە، جارێک بە (ئ+ە) و جارێکیش بە (ێ) دەخوێندرێتەوە.

پێنجەم: دەنگی (ی) بە دو شێوە دەنوسرێت، جارێک بە پیتی ( y ) دەنوسرێت، جارێک بە پیتی( i ).

بەرزایی _ Barzayi ، مەیو _ Mayiw.

شەشەم: دەنگی (و) بە دو شێوە دەنوسرێت، جارێک بە پیتی ( w )، جارێک بە پیتی ( u ). کەوا و سەڵتە _ Kawa u Salta، گوڵ _ Gul، ساوار _ Sawar.

حەوتەم: بزرۆکە و (ی) لە شێوەدا وەکو یەکن، ئەمەش سەر لە بەکارهێنەران دەشێوێنێت، گەر وەستایانە مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت، چەندین وشە تێکەڵی یەکتر دەبن، وەک: من- Min، مین-Min ، دڵ- dil، دیل - dil.

هەشتەم: ژمارەی پیت و دەنگەکان هاوسەنگ نین، ئەمەش وایکردوە بەشێک لە دەنگەکان بە زیاتر لە پیتێک بنوسرێن و بەشێک لە پیتەکان چەند دەنگێک دەربڕن. پیتی ( j ) لە وشەکانی (جار _jar ، مێوژ _ Meuj)

جارێک بە (ج) و جارێک بە (ژ) دەخوێندرێتەوە.

نۆیەم: گرفتێکی تری ئەلفبێی کوردی بە پیتی لاتینی ئەوەیە کە زیاتر لە جۆرێکی هەیە.

هەمو ئەو گرفتانە وایکردوە، ئەو ئەلفبێ لاتینیەی لە کوردستان بەکاردێت، بە تەواوی لەگەڵ زمانی کوردیدا نەگونجێت، تەنیا لەگەڵ زاری سەرودا تا ڕادەیەک بێ گرفتە، ئەمەش دەکرێت هۆکارەکەی ئەوە بێت کە ئەو ئەلفبێیە لەسەر بنەمای زمانی تورکیدا دامەزراوە، لە کاتی دەستکاریکردنیشی تەنیا زاری سەرو لەبەرچاو گیراوە، نەک زمانی کوردی بە گشتی. بۆیە پێویستی بە چارەسەرکردنە.

لەگەڵ هەمو ئەو گرفتانەی کە ئەلفبێی کوردی بە پیتی عەرەبی هەیەتی، کە زۆربەیان چارەسەرکردنیان ئاسانە، تەنیا کەمێک ماندوبون و بڕیاردانێکی یەکلاکەرەوەی دەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەکارهێنانی باشترە لە ئەلفبێی کوردی بە پیتی لاتینی، چونکە بەرهەمی زیاترمان بەو ئەلفبێیە هەیە، جگە لەوەش خزمەتی زیاتری کراوە و بە خۆماڵی کراوە، بەوەی چەندین پیتی کوردی بۆ زیاد کراوە. وەک: (پ، چ، گ، ڕ، ڤ، ڵ)، لەگەڵ لابردنی چەندین پیتی عەرەبی، وەک: (ط ظ ذ ث ص)، هەروەها لەو ئەلفبێیەدا ژمارەی پیت و دەنگەکان هاوسەنگن، جگە لەوەش سەرجەم زارە کوردیەکان بەو ئەلفبێیە دەنوسن و لەگەڵی ڕاهاتون، پێچەوانەی ئەلفبێی لاتینی، (کە پرۆژەی کەمالیزمی تورکە، ساڵی

١٩٢٤ كە دەوڵەتی نەتەوەخوازی تورک دامەزرا، بەسەر گەلانی تورکیادا سەپێنرا و بۆ یەکەم جار لە نوسینی زاری سەرو لە ڕێگەی گۆڤاری هاوارەوە (١٩٣٢_ ١٩٤٣) دەرکەوت، کە جەلادەت بەدرخـان دەریکـرد. کوردەکـان بە زەبری تیرۆری دەوڵەت دەستبەرداری ئەلفبێی کوردی کراون و تا ئەمڕۆ ناتوانن لە دەسەڵات و کاریگەریی کەلتوریی کەمالیزم و عاقیبەتەکانی ڕزگاربن، کەمالیزم لە ماوەی دەیان ساڵەی پڕوپاگەندەکردنی چەواشەکارانەدا توانیـویەتی ئەلفبێی (لاتینی _ تورکی) لای تورک و کوردی باکور پیرۆز بکات و ئەو وەهمەیـان لا دروسـتبکات کە ئەوان بە گۆڕینی ئەلفبێی زمانەکەیان بە ئەوڕوپایی بون.) (ڕەفیـق سـابیر، ٢٠١٣: ٧٢ _ ٧٥) ئەوانەش کە بڕوایـان وایە ئەلفبێی لاتینی هۆکارێکە بۆ فێربونی زمانی ئینگلیزی و زمانەکانی تر

یان بە پێچەوانەوە، ئەمە ڕاستی تێدا نیە، چونکە ئەلفبێ ئامانج نیە، بەڵکو هۆکارێکە بۆ دروستنوسین، دەکرێت هەر ئەلفبێیەک بۆ زمانەکانی تریش بەکاربێت بە چەند دەستکاریەکەوە، جگە لەوە تورک کە ئەلفبێـی لاتینـی بەکـاردێنن، کەمتر فێری زمانی ئینگلیزی بون، بەراورد بە چینیەکان کە ئەلفبێیەکی وێنەداریان هەیە نەک لاتینی. جـگە لەوەش هیچ بەڵگەیەک نیە کە بیسەلمێنێت کوردێک کە بە لاتینی دەنوسێت خێراتر فێری زمانی ئینگلیزی بێت لە کوردێکی دیـکە کە بە ئەلفبێـی خۆمـاڵی کـوردی دەنوسـێت، بەڵکـو چەنـدین هۆکـاری تـر هەن بـۆ فێربـونی زمـان، کە هـیچ پەیوەندیەکیان بە ئەلفبێوە نیە. لاتینی زمانەکە بەرەو جیهانیبون و پێشـکەوتن نابـات، بەڵکـو ئەوەی زمانێـک بەرەو جیهانی دەبات پەیوەندی بە دەسەڵاتی ڕامیاری و ئابوری و بازرگانی و ڕۆڵی لە نێودەوڵەتیدا هەیە. سۆماڵیەکان بە ئەلفبێی لاتینی دەنوسن، کەچی زۆرترین ڕێژەی نەخوێندەواری و دواکەتوییان هەیە. جگە لەوەش (ئەلفبێی کوردی بە پیتی لاتینی تەنیا لەسەر بنەمای زاری سەرو دانراوە، ئەمەش زانستی نیە، چونکە زمانی کوردی زیاتر لە زارێکی لە بواری نوسیندا بەکاردێن، دەکرێت ئەلفبێی لاتینی لەسەر زارەکانی تریش جێبەجێ بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو خەوشانەی هەیەتی نەمێنن. (ڕ، ڵ) لە لاتینی نیگاریان بۆ دانەنراوە، هەرچەندە ئەو دو پیتە دو پیتـی ڕەسـەنی کـوردین، دەبـێ نیگاریان بۆ دابنرێت.) ( نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، ٢٠١٦: ٧٢) هەرچەندە ئەم ئەلفبێیە بۆ کوردانی باکور پێویستە، چونکە ئەوان تەنیا بەم ئەلفبێیە دەتوانن بنوسن و بخوێننەوە و درێژە بە پەیوەندی ڕوناکبیرانەی خۆیان بە زمانەکەیان بدەن، بەڵام لە باشور و ڕۆژهەلاتدا پێویستییەکی زمانی کوردیی نیە و تەنیا بۆ ئەوە بەسودە کە مرۆڤ بتوانێت بە هۆیەوە، بەرهەمی نوسەرانی دیکە بخوێنێتەوە کە بە ئەلفبێی لاتینی دەنوسن، ئەو بەرهەمانەش کەمترینی بەرهەمەکانی زمانی کوردیین. (ڕەفیق سابیر، ٢٠٠٨: ٨٦) بە بەکارهێنانی ئەلفبێی لاتینی، ئێدی کورد لە داهاتودا نوسراوی باوک و باپیرانیشی بۆ ناخوێنـدرێتەوە، ئەمەش بـۆ ئـاخێوەرانی هەمـو زارەکـان زیانبەخشـە، تەنـانەت ئـاخێوەرانی زاری سەروش، چونکە جگە لەوەی توشی دابڕان دەبـن لە مێـژوی فەرهەنگـی کـوردیی و ئەو بەرهەمـانەی کە لە لایەن نوسەرانی زارەکانی تر نوسراون، لە هەمانکاتدا لە فەرهەنگ و کەلتوری

زارەکەی خۆشیان دادەبڕێن، کە کەڵە شاعیرەکانی زاری سەرو بەرهەمیان هێناون، واتە؛ لە بەرهەمەکانی (ئەحمەدی خانی، جزیری، بریفکانی، فەقێی تەیران...تاد) دادەبڕێن. ئەمەش وەک ئەوە وایە، هیچ بەرهەمێکیان نەبێ و لە سەرەتاوە دەستپێبکەنەوە.

بونی یەک ئەلفبێ سەرەتای بایەخدانە بە زمانێکی یەکگرتو، بەڵام لە گەڵ ئەلفبێدا ناکرێت ڕێنوسـی یەکگرتـو نادیدە بگیرێت، چونکە بێ سەروبەری لای نوسەرانی کورد دروستکردوە، بۆیە بونی یاسایەکی یەکگرتو بۆ ڕێنوس

پێویستیەکی سەرەکیە بۆ زمانی یەکگرتو، بە تایبەت کاتێک زمانی پێوەربەند مەبەست لێی زمانی نوسینە نەک ئاخاوتن. دیارترین ئەو خاڵانەی لە نوسینی یەکگرتودا پیویستە ڕەچاو بکرێن بریتین لە:

- هەر وشەیەک سەرەتاکەی بزوێن بێت، (ئـ) لە پێش بزوێنەکە دادەنرێت. ئازاد، ئێوارە.

- وشە بە (وو) دەستپێناکات، بەڵکو دەبێت یەک (و) بنوسرێت. وڵات، وەرز.

- دەنگی (ڕ) پێویستە هەمو کات بە پیتی (ڕ) بنوسرێت، نەک وەک ئەوەی هەندێک کەس لە سەرەتادا بە پیتی (ر) دەینوسن، بە بیانوی ئەوەی پیتی (ر) لە سەرەتادا بە دەنگی (ڕ) دەخوێندرێتەوە.

- ئامرازەکانی (بە، لە، بۆ) لە پێش هەر وشەیەکدا بێن، دەبێت سپێس لە نێوان ئامرازەکە و وشەکە هەبێت. بۆ شەو، بە ڕۆژ، لە شار.

- پێویستە وشە بێگانەکان وەربگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی، گەر وشەی بەرانبەریان نەبو ئەوا وشەکان بە پیتی کوردی بنوسرێن. قلم _ پێنوس، کتاب _ پەرتوک، حج _ حەج، زکاة _ زەکات.

- وشەی داڕێژراو: لە وشەیەکی واتادار و پێشگر و پاشگر پێکدێت. پێدان، پێکردن نەک پێ دان، پێ کردن. پێویستە بەیەکەوە بلکێن.

- وشەی لێکدراو بێ ئامراز: بریتیە لە یەکگرتنی دو بەشی واتادار بۆ دروستکردنی وشەیەکی لێکدراوی واتادار. پێویستە هەردو بەشی وشەکە بەیەکەوە بلکێن، نەک بە جیا بنوسرێن. فەرمانبەر، یاریزان، خۆشخوان.

- وشەی لێکدراو بە ئامراز: بریتیە لە بونی دو وشەی واتادار کە بەهۆی ئامرازێکەوە بە یەکەوە بەستراون.

ئامرازی بەستنی (و) کە دو وشە یان فرێز و ڕستە لێکدەدات، پێویستە لە ناوەڕاست بنوسرێت، نەک بدرێتە پاڵ لایەکیان، چونکە سەربەخۆیە. بەرز و نزم، خڕ و خەپان.

ئامرازی بەستنی (ە) لە وشەی لێکدراو بە وشەی یەکەمەوە دەلکێ و سپێس ناکەوێتە دوای وشەی یەکەم، چونکە بە هەردوکیان یەک وشە دروستدەکەن. بەرزەباڵا، بەردەباز.

ئامرازی بەستنی (ی) بە وشەی یەکەمەوە دەلکێت. گوڵی جوان، شاری یاری، بەڵام ئەگەر وشەی یەکەم بە (ی) کۆتایی هات، (ی)ی بەستن بە (ی)ی وشەی یەکەم دەلکێت، بەمەش دەبن بە دو(ی). یاریی منداڵان.

ئەگەر وشەی یەکەم بە دو (ی) کۆتایی هات و (ی)ی بەستنی بچێتەسەر، یەک (ی) تێدەچێ و دو(ی) دەمێنێتەوە. شایی و شیوەن، نەک شاییی و شیوەن.

_ وشە مۆرفۆسینتاکسیەکان لای هەر نوسەرێک بە شێوەیەک دەنوسرێن، لەوەش ناخۆشتر ئەوەیە زۆر جار یەک وشە لای یەک نوسەر بە دو شێوە دەنوسرێت، هەرچەندە جیاوازیی واتا دروستناکات. باشتر وایە لای هەمو کەسێک بە یەک شێوە بنوسرێن، بە تایبەت لە زمانی یەکگرتودا. هەڵیانخست _ هەڵیان خست. پێویستە هەڵیانخست بنوسرێت، چونکە ئەمە یەک وشەیە و لە (پێشگر + جێناوی لکاو+ قەد) پێکهاتوە، پێویستە بەسەر یەکەوە بنوسرێت، چونکە هەرسێ بەش بەسەر یەکەوە یەک واتا دەبەخشن.

_ نوسینی ناوەکان لای هەر یەکێک بە جۆرێک دەنوسرێن. بۆ نمونە:

لە بەرانبەر ناوی (محمد) چەندین شێوە نوسینی کوردی هەیە: محمد، محەمەد، محەممەد، موحەمەد، موحەممەد. پێویستە بە یەک شێوە بنوسرێت، ئەو شێوەیەش بریتیە لە: محەمەد، چونکە زۆینەی زمانەوانە کوردەکان لەسەر ئەم شێوەیە کۆکن.

بۆ ئەوەی زمانی یەکگرتو زو بڵاوبێتەوە و خەڵک هەوڵی فێربونی بدەن، پێویستە چەند تایبەتیەکی هەبێت:

١- بێ لایەن بێت، واتە؛ لای هەمو خەڵکی وڵات پەسەند بێت و هەمو بە زمانی خۆیانی بزانن.

٢- هێندە دەوڵەمەندبێت لە واژەدا هەمو زانستەکانی پێ بنوسرێت، لۆجیک بێت یان بیرکاری و فەلسەفە و پزیشکی و بازرگانی و زمانەوانی و ئابوری و...

٣- ئاسان بێت بۆ فێربون لەهەمو ئاستەکان.

٤- هەمو زارە کوردیەکان لە دروستکردنیدا بەشدار بن.

٥- ڕێگە بە دروستبونی شاز نەدات.

**ئەنجامەکان:**

**١-** لە ئێستادا شێوەی بێ پلان، بۆ دروستبونی زمانی پێوەربەند بۆ کورد شکستی هێناوە بە هۆی بونی دو زاری پێوەربەند، بۆیە پێویستە شێوازی پلان بۆداڕێژراو کاری لەسەر بکرێت، بەڵام ئەوەی جێی داخە کورد تا ئێستا پلان و ڕامیاریی زمانی ڕونی بۆ زمانی پێوەربەند نیە.

٢- فۆنیمەکانی (ع، غ)، فۆنیمی ڕەسەنی کوردی نین، بۆیە دەکرێت لە ئەلفبێی کوردی بسڕدرێنەوە.

٣- نوسین و نەنوسینی هەمزە هیچ لە واتای وشە ناگۆڕێت، بۆیە دەکرێت لە ئەلفبێی زمانی کوردی بسڕدرێتەوە.

٤- فۆنیمی (و) هەمو پێویستیەکانی وشە پڕدەکاتەوە، بۆیە بونی فۆنیمی (وو) لە ئەلفبێی کوردی پێویست نیە.

**پێشنیار و ڕاسپاردە:**

١- کورد کۆنگرەی نەتەوەیی ببەستێت بۆ نزیککردنەوەی پارتە کوردیەکان لە یەکتر، ئەمەش کاریگەریی دەبێت لەسەر بڕیاردان لەسەر زمانی پێوەربەند.

٢- شێوەی بێ پلان شکستی هێناوە بۆ دروستبونی زمانی پێوەربەند بۆ نەتەوەی کورد، بۆیە پێویستە کورد ڕامیاری و پلانی زمانیی تایبەت بە خۆی هەبێت بۆ هێنانەکایەی زمانێکی یەکگرتو.

٣- ڕێگە بە دروستبونی دو زمانی پێوەربەند نەدرێت، چونکە بەمە بونی زمانێکی یەکگرتو بۆ نەتەوەی کورد دەبێتە خەونێکی بەدینەهاتو.

٤- ئەکادیمیای کوردی ڕۆڵی زیاتر ببینن و لێژنەیەکی زانستی لە زمانەوانانی سەرجەم زارەکان دروستبکرێت و کاربکەن بۆ هێناکایەی زمانێکی یەکگرتو بۆ نەتەوەی کورد.

٥_ ئەندامانی ئەکادیمیای کوردی لەسەر بنەمای شارەزایی دابنرێن، نەک لەسەر بنەمای تر.

**سەرچاوەکان:**

**بە زمانی کوردی:**

١- ئەمیر موحەمەد موحەمەدئەمین، زمانی هاوبەش لە كۆزمانەوانیدا، دكتۆرا، كۆلێژی زمان، زانكۆی سەلاحەدین، ٢٠٢٢.

٢- ئاسۆ بیارەیی، كەیسەكانی زمانی یەكگرتو، دید و بۆچون، سوید، ٢٠٠٨.

٣- ئاسۆ عەبدولڕەحمان كەریم، ڕۆنانی ڕستە لە شێوەزاری فەیلیدا، چاپخانەی موكریان، هەولێر، ٢٠١٤.

٤- ئیسماعیل زادە، زمان ماڵی هەمیشەیی نەتەوە، گۆڤاری زمانناسی، ژ١٧، هەولێر، ٢٠١٥.

٥- بەدران ئەحمەد حەبیب، ڕێنوسی یەكگرتوی كوردی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

٦- تارا عەبدوڵلا سەعید، هەندێک لایەنی ڕێزمانی زاری فەیلی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤.

٧- دارا كەمال سلێمان، چارەسەری ئاریشەكانی ڕێنوسی كوردی بەپێی زانستی زمان، ماستەر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سەلاحەدین، ٢٠٢٤.

٨- دیاكۆ هاشمی، بۆ كورد زمانێكی هاوبەشی نیە، گۆڤاری زمان و زار، ژمارە ٢، ٢٠٢١.

٩- ڕەحیم قادر سورخی، یادكردنەوەی ڕۆژی جیهانی زمانی زگماک، چاپخانەی حاجی هاشم، بڵاوكراوەی ئەكادیمیای كوردی، ژمارە ٢٠٠، هەولێر، ٢٠١٣.

١٠- ڕەفیق سابیر، بە ستانداردكردنی زمان و ئەلفوبێی كوردی، چاپی دوەم، چاپخانەی تاران، ٢٠١٣.

١١- ڕەفیق سابیر، ئەلفبێی لاتینی زمانی ستاندارد، پرۆژەی تیشک، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠٠٨.

١٢- ڕەفیق شوانی، لێكۆڵینەوەی جۆراوجۆری زمانناسی، ٢٠١٦.

١٣- ڕەفیق شوانی، وشەسازی زمانی كوردی، دەزگای موكریان، هەولێر، ٢٠١١.

١٤- ژینۆ بەختیار هاشم، بە تیۆریكردن و كارەكیكردنی زارەكانی زمانی كوردی، دكتۆرا، كۆلێژی زمان، زانكۆی سەلاحەدین، ٢٠٢٤.

١٥- سوداد ڕەسوڵ، زمانی هاوبەشی كوردی بۆ هەریمی كوردستان، گۆڤاری سەكۆ بۆ نیشتمانسازی، ١٢/ ٨/ ٢٠٢٤.

١٦- سەردار حەمید میران و كەریم مستەفا شارەزا، دیوانی حاجی قادری كۆیی، سنە، ١٣٩٠هـ.

١٧- عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ئەحمەدی خانی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٨.

١٨- عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ، چەند باسێكی وردی زمانەوانی -كوردی، بەرگی یەكەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٥.

١٩- غازی فاتح وەیس، فۆنەتیک، چاپی یەكەم، لە چاپكراوەكانی ئەمینداریتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی كوردستان، ١٩٨٤.

٢٠- فاتیمە دانش پژوە، ئێرگەتیڤ لە زمانی كوردیدا- (كرمانجی، سۆرانی، هەورامی)، وەرگێرانی شێروان حوسێن خۆشناو، ٢٠٢٠.

٢١- ڤیان سلێمان حاجی سلێڤانەیی، ڕێككەوتن لە شێوەی ژوروی زمانی كوردیدا، ماستەر، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدین، ٢٠٠١.

٢٢- كەمال فؤاد، فۆنیمەكانی زمانی كوردی، ١٩٩٥.

٢٣- محمد معروف فەتاح، لێکۆڵینەوە زمانیەکان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠.
٢٤- محەمەد حوسێن عەلی زەهاوی، گیروگرفتی نوسینی کوردی بە پیتی عەرەبی، ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی بەغدا، ١٩٩٩.
٢٥- مەسعود محەمەد، شکۆی زمان، کۆکردنەوەی سایتی مامۆستا، www.mamosta.net.
٢٦- مستەفا غەفوری، گرفتەکانی ڕێنوس لە پراکتیکی نوسیندا، گۆڤاری زمان و زار، ژمارە ١٢، بەهاری ٢٠٢٤.
٢٧- نەریمان عەبدوللا خۆشناو، ڕێنوس و خاڵبەندی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ناوەندی ئاودێر، هەولێر، ٢٠١٦.
٢٨- نەسرین محەمەد فەخری، ڕێنوسی کوردی، (١٩٧٧_١٩٧٨).
٢٩- وریا عومەر ئەمین ، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی دوەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩.

**بە زمانی ئینگلیزی:**

30- Moomen Yaseen M.Amin and Javanshir Shibiliyev, A brief inquiry into the linguistic landscape vis-à-vis the official language policy of Iraqi Kurdistan, Revista Argentina de Clinica Psicologica , vol. xxx,N 2, 2021.

**Reference:**

1. Amir Mohammed Mohammedamin (2022), Zimane hawbash la kozimanawaneda, Diktora, Koliji ziman, Zankoy Salahadeen.
2. Aso Byaraye (2008), Kaisekane zimane yakgrtu, Did& bochun, Swed.
3. Aso Abdulrahman Kareem (2014), Ronany rista la shewazary Fayleda, Chapxanay Mukryan, Hawler.
4. Ismaeel zade (2015), Ziman maly hamishaye natawa, govare zimannasi, zhimara 17.
5. Bedran Ahmed Habib (2004), Renusy yakgrtuy kurde, Chapxanay Aras, Hawler.
6. Tara Abdulla Saaed (2014), Hande layane rezmany zari Fayle, Chapxanay hajy hashim, Hawler.
7. Dara Kamal Sleman (2024), Charasary arishakane renusy kurde, be pet zanisty ziman, Master, Koliji ziman, Zankoy Salahafeen.
8. Dyako Hashimy (2021), bo kurd zimaneky hawbeshy nya, Govare ziman u zar, zhimara 2.
9. Rahim Qadir Surchi (2013), Yadkirdnaway rozhi jihani zimany zigmak, Chapxanay Haji Hashim, Bilawkraway Akadimyay kurdi, zhimara 200, Hawler.
10. Rafiq Sabir (2013), ba sitandardkirdny ziman u alphubey kurdi, Chapy dwam.
11. Rafiq Sabir (2008), alphbey lateny zimany sitandard, projay tishk, Chapxanay Chwarchira.
12. Rafiq shwany (2016), lekolinaway jorujory zimannasy.
13. Rafiq shwany (2011), wishasazy zimane kurde, Dazgay Mukiryan, Hawler.
14. Zhino Baxtyar Hashim (2024), be teyorekirdn u karakyekirdny zarekany zimani kurde, diktora, Koliji ziman, Zankoy Salahadeen.
15. Sudad Raswl (2024), Zimane hawbashy kurdi bo haremy Kurdistan, Govary Seko bo nishtimansazy.
16. Sardar Hamid Miran u Kareem Mistafa sharaza (1390), Diwany hajy qadiry koye, Sna.
17. Hezadin Mistafa Raswl (2008), Ahmedy Xany, Dazgay chap u pexshy hamdy, Slemany.

18. Abdulla Husen Raswl (2015), chend baseky wirdy zimanewany kurdi, bergy yakem, Chapxanay Hevi, Hawler.
19. Ghazi Fatih Ways, Phonetec, capy yakem, la chapkrawekane aminarety gishte roshinbiry u lawane Kurdistan.
20. Fatima Danish pazhwa (2020), ergative le zimany kurdeda (kurmanje, sorane, hawramy ), wergerany Shirwan Husen khoshnaw.
21. Vyan Sleman Haji Slevaneye (2001), rekkawtin le sheway zhuruy zimani kurde da, master, koliji Adab, Zankoy Salahadeen.
22. Kemal Fuad (1995), fonemakany zimani kurde.
23. Mihammed Maaruf Fatah (2010), lekolineawa zimanyakan, Chapxanay rojhelat, Hawler.
24. Mihammed Husen Ali Zahawy (1999), gerugirefty nuseni kurdi be Arabe, master, koliji perwerda, Zankoy Baxda.
25. Masud Mihammed, shikoy ziman, kokirdneway sayity mamosta, www.mamosta.net
26. Mistafa Xafury (2024), gireftakany renus le praktiky nusin da, Govary ziman u zar, zhimare 12.
27. Nariman Abdulla Xoshnaw (2016), renus u xalbendi, Chapxanay rojhelat, nawendy awder, Hawler.
28. Nasrin Mihammed Faxre (1977-1978), Renusy kurdi.
29. Wrya Omer Amin (2009), asoyake try zimanewany, bergy yakem, chapy dwam, Dazgay Aras, Hawler.
30. Momeen Yaseen m.Amin u Javanshir Shibilyev (2021), lekolinewayeki kurt le dimany zimanewany le beranber siyasty zimani fermy kurdistany Iraq, Revista Argentina de clinica psicologica, bergy yakem, n 2 xxx.